# دیوانی صافی

لەسەر ئەزکی چاپخانەی کوردستان چاپکراوە
کەسی تر مافی چاپکردنەوەی نیە

چاپی سێیەمین

٢٥٨٢ی کوردی - ١٩٧٣ی زایینی

چاپخانەی کوردستان

هەولیر

وینەی صافی

# پێشدەستی

صافی لەهەرێمی هەولێری لەناو دۆستە هەرە دڵسۆزو ئەمەگدارەکانمدا یەکەمین کەسێك بوو کەبەدیداری وی پەردەی خەفەتو پەژارەم لەسەر دڵی لادەچوو چونکوو ڕووی لەهەر شوێنێکی کردبایە لەبەر شەپۆلی زمانی شیرینی و ڕووی خۆشیو ڕاوێژی دڵپاکانەی وی کەهەر لەو دەوشاوە لەشکری تارمایی نەگبەتیو خەمو دڵتەنگیەتی لەو ناوەدا بەپشت شکاوی دەڕەویەوە.

صافی کەدەهاتە شاری هەولێری لەماڵی بەهەشتی حاجی عبداللەی کەبابچی میوانداری دەکرا، وەبۆ دیدەنیش لەوانەی کەبەندە شارەزایان بم زۆرترین کات هاتوو چۆی لای خوا لێ خۆشبوو شیخ عبدالقادر قەدری بوێژی کوردی کەرکوکی و لای بەندەو کاك عەونی یوسفی دەکرد.

هەرچەندە لەسەردەمی خۆیدا بەسەرهاتی (صافی) و زۆرترینی هەڵبەستە دەست نووسەکانی خۆیم هەر لەخۆی وەرگرتووە، بێجگە لەوانەش هەر-وەکوو لەناو بەسەرهاتەکەیدا دەخرێتە بەرچاوانەوە تەنها بەندە بووم کەتوانی بێتم وێنەیەکی باشی وی وەرگرم چونکو ئاینداریکی پاكو خوادا ناسێکی راست بوو حەزی لەخۆ دەرخستنو ناوبانگ نەدەکردو نەیدەهێشت وێنەی وەربگیرێت بەندەش لەدوای کۆچی وی هەر چاوەڕێی هەلیکی وا بووم کەکوڕە خوو و ڕەوشت پاکەکانی ئارەزووی چاپکردنی دیوانی باوکیان بکەن سالەسەر ئەرکی خۆیان یاهی من، کەچی لەپڕێکا لە ١٩٥٣ دا مامۆستا محسن دزەیی دیوانەکەی صافی لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپ گەیاندووە بەسەرهاتەکەشی بەپێنووسی مامۆستا علاءالدین سجادی نووسراوەتەوە.

لەو دووایی بەیدا حاجی کاك مەلا عەلی کە کوڕی هەرە گەورە و پوست نشینی بەهەشتی ( صافی )یە دیوانی ناوبراوی پێشکەش بەچاپخانەی ئێمە کرد بۆ ئەوەی دووبارە چاپ کرێتەوە ، هەر جوورە چەوتیەکی لەچاپەکانی پێشوودا ڕووی دابێ هەڵەبژێری کراوە وەچەند پارچە هەڵبەستێکی کەلەناو ئەوی پێشوودا نەبوو خراونەتە سەری و بەسەرهاتەکەشی گەلێك هەڵگیرو وەرگیرو دەستکاری کراوە .

بەندەش سەرڕای ئەوەی کەبەسەرهاتەکەیم هەر لەخۆی وەرگرتووە شارەزاییێکی شیاویشم بەسەر هەموو چەشنەبارێکی ژیانی وی دا هەیە خودا یار بێ لەوانەی کەلەبیرم ماون چەند مەبەسێکی دەخەمە بەرچاوی خوێندەوارە بەڕێزەکانەوە تا باشتر پەی بە بەرزیەتی پایەو دڵپاکیەتی و مەردیو ڕەندیەتی صافی ببەن وەچەند پارچە هۆنراوێکیش کە بە دەستنووسی خۆیم هەیە وەلەناو دیوانەکەیدا نەبوو دەیانخەمە شوێنی خۆیانەوە .

گیوی موکریانی

# بەسەرهاتی صافی

هۆنەری پایە بەرزو بوێژی ناوداری خۆشناو ئێوی ( کاک مصطفی کوڕی کاک حەوڵا « ثانی » کوڕی کاک علی کوڕی کاک عەوڵای کوڕی کاک مصطفی کوڕی شیخ سلیمانی یەو نازناویشی صافی یە .

ئەو خانەوادەیە لەبنەچەکەدا ( میر مەحمەڵین )و بەشەش پشتان دەچنەوە سەر شیخ سلیمانی باپیرە گەورەیان کە بەمیری سۆران ناوبانگی دەرکردبوو ، وەفەرمانڕەوای گوندەکانی ناوچەی هیران بووە ، بەڵام لەدوراییدا شیخ سلیمان بەهۆی شیخ طاهای بتلیسی یەوە گرفتاری زنجیری ڕێو شوێنی قادری بووە ئیتر بەجارێکی وازی لەمیرایەتی هێناو دیوانی میریەتی بەتەکیە گۆڕیەوە وەڕووی لەدەرگای خودا پەرستێتیو پارێزگارێتی کرد دابو دەزگای خودا نامێنێ لەسەردەمی ویەوە تا ئەمرۆ لەناو ئەو خانەوادەیەیدا هەر لەباوە .

صافی لەگوندی ( هیران* )ی‌دا لەبەرواری ( ۱۸۷۳ )ی زایینیدا پێی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە ، لەسەرەتایێدا لەلای باوکی خۆی دەخوێند لەپاشان چووە ناو فەقێیانەوە ، بەرە بەرە بەناو خوێندنگایەکانی ناو خۆشناوەتیدا گەڕاوە ڕووی لەکۆیەو هەولێرو ڕەواندزیش کردووە وانەی لەلای مەلا ئەحمەدی هۆمەر گونبەتیو مەلا ئەحمەدي ڕەش خوێندوە ئەوجار سەرێکیشی لەلاجانی داوەو ماوەیەکیش لەپەسوێ ماوەتەوە

(*) هیرانو نازەنین : دوو گوندی بەناوبانگو ئاوو دیمەن خۆشو پڕ باخو ڕەزو مێرگو گوڵو گوڵزارن دەڵێی پارچە بەهەشتێکن کەوتونەتە ناو هەرێمی خۆشناوەتیەوە .

ئینجا لەوێش ڕا ڕوو لەسابڵاخی دەکات وەچەند ساڵێکی لەمزگەوتی ( شا دەروێشی ) لەلای قاضی علی باوکی ( قاضی محمد ) دەخوێنی لەو ماوەیەدا پلەی خوێندەواریی خۆی لەزمانی ئارەوی و فارسیش دا زۆر بەرز بکاتەوە .

## هۆي بوویژێتي صـــافي :

صافی هەروەکوو لەخۆیم بیستووە لەتەمەنی چاردە ساڵی یەوە دەستی بە هەڵبەست هۆنینەوە کردوە ، هەرچەندە لەو تەمەنەدا شۆڕو سەوداو ئەڤینی گوڵەندامان دوور نیـە ئەویان وەکوو بولبول خستبێتە چەهچەهەو ناڵە ناڵ وەخۆش و ناخۆش بەناچاری کەوتبێتە نێو باوەشی دڵداریێنی و سەوداوە ، بۆ سوور کردنەوەی ئەو مەبەسە هۆنراوە تەڕو ئاودارەکانی گرنگ ترین بەڵگەن بەڵان سەرڕای ئەوەش پێویستە ئەمانەش لەبیر نەچنەوە کەدیمەنە خۆڕسکەکانی ( هیرازو نازەنین ) بەتایبەتی ئاوی شیرین و ڕەوان و هەوای فێنک و بووژینەوەی باخ و باخچەو ڕەزە دڵگرەکانی و گوڵزارو چیمەنە جوان و ڕەنگینەکانی کەلەتوانای من دا نیە بلێم وەبەهەشتی دەچن چونکو شایانن کەبەهەشت وەوان بچوێنرێ . سا ئەو هەرێم و مەڵبەندە دڵکێشە ناو نازدارانە بەو هەموو شان و شکۆیەیانەوە نەك تەنها صافیان کردۆتە بولبولێکی شەیدای ئەو ناوچەیەو بەس بەڵکوو شۆڕی نهێنی و سەودای ئەڤینی بەئەندازەیەکی ئەوتۆ لەناو خانەوادەی واندا کاریگەر بووە جۆش و خرۆشی سەوداو هەوەسی هەڵبەست هۆنینەوەو وێژە پەروەری لەناو دڵ و دەروونی ئانی باوکی و زۆرتریی کوڕەکانی دا وەکوو جیلوەی هەتاو ئەندامی نواندووە .

زۆرتریني هەڵبەستەکانی (صافی) بەسەر دوو بڕاندا دابەش دەکرێن (ئایینیو دڵدارێتي). هەرچەندە زۆریشم هەوڵ لەگەڵی دا کە بۆ یادگار پارچە هەڵبەستێکی نیشتمانیش بهۆنیتەوە داخەکەم بێ سوود بوو.

کاکی خۆشناو بەزمانی کوردیو فارسیو ئارەویو تورکي هەڵبەستي زۆر داناوە بەڵان لەڕووی ئەوەوە کە کوردیەکانی لەوانی دی پتِرن شایانی سوپاسە.

پلەی صافي لە بیرویژیدا:

هەڵبەستەکانی صافی هەرچەندە لەڕووی ڕەوانیو سوواریو پوختیو ئاوداریو ڕاوێژ شیرینیو بەتایبەتی لەلایەن ئێشو پاشبەندو هەموو بابەتێکەوە دڵگرو پەسند کراون هەروەکوو بوویژی نیشتمان پەروەری کوردی هەولێری بەهەشتي (کات)و هۆنەری زاناو بەناوبانگ مەنفی (مەلا رەسولی پێتووشی) لەناو هەڵبەستەکانیاندا بەدوورو درێژی هەڵیان ناوەوە بۆیان هەڵکوتووە داخەکەم لەم دەمەدا نەهي هەریەکەی تاکێکم بەدەستەوە یە ئەگەر بمێنم لەچاپی نوێتریدا هەموویان دەخەمە بەرچاوانەوە کاتی دەڵێ:

ئوستادی غەزەل صافیە جێگەي لەهیرانە

مەدحی چ بکەم ظاهرو مەشهووری جیهانە

---

ئەوا ئیمانی پێت هێناوە مەنفي بەرموو مصطفای ئاخر زەمانم

بیرو باوەڕی بەندەش لەڕاستەویەوە ئەوەیە ئەگەر صافی هەروەکوو لەرێگای ئاییندارێتیدا بەئەندازەیەکي ئەوتۆی خۆ سەخڵەتو شەکەت کردووە تاگەیشتۆتە پایەی پیرانی خودا ناس ئەگەر بەقەد نیو هەندەی وی لەڕێگای ویژەشدا خۆی ماندو بکردابایە هیچ سوو (شك) لەوەدا نیە کەلەنواندا هەبوو بگاتە بەرزترین پلەی هۆنەري لەکوردستانیدا.

(صافی) هەرچەندە لەناو هەڵبەستەکانی دا زۆر لەمەی و ئارەق دوواوە کەتەنها لارووی بیستیاردوە بوو و نەیدیتبوون ، بەڵام زۆر ئارەزووشی دەکرد کەبەچاوی خۆشی جارێکی بیبان بینی . وادەگێڕنەوە کەڕۆژێکی بەناو یەکێك لەشەقامەکانی موصڵی دا ڕادەبرد تووشی بەر دەرگای مەی خانەیەکی هات لەگەڵ هاوڕێیەکانی بەبێ یەکو دوو کردن دەچێتە ژوورێ و دادەنیشن مەی فرۆش دەڵێ مەللا چ دەخۆنەوە ؟ لەڕووی ئەوەوە کە کاکی میرانی هیچ جۆرە مەیەکی نەدیتبوو و ناویشی نەدەزانین کوتی خۆت سەرپشك بە هەرچەکی بۆمان دێنی بێنە ، مەی فرۆشیش بەئارەزووی خۆی مەی یائارەقی لەپێش دانان ، کاکی دڵ و دەروون پاك ماوەیەکی تەواوی تێڕاماو زۆریشی ئەسرین هەڵوەراندو پارەی مەیەکانی تەواو دەدا بەمەی فرۆشەکەی کوت : ئێمە هێشتا نانمان نەخواردوە با ئەوانە هەر لێرە بمێننەوە تا دەچین نانی دەخۆین و دەگەڕێینەوە ئیتر لەوێ دەردەکەون .

(صافی) تاکۆچی دووایی بالی لەباری بێ پەروایی دا دەژیا جاری وا هەبوو بەهەڵبەستی هۆنراوە تەڕو ئاوداری دڵداریتیەوە بەسەر دەبرد هەندێ جاریش لەگژ راوی مەلو کێوی یاندا بەدەشت و نەواڵ و تۆساراندا دەخولاوە ، ڕۆژگار تەنها سی سالان ماوەی ئەو ژیانە ئازادەی دایە ، بەڵام کەباوکی کۆچی دووایی کرد ئەویش ناچار لەشوێنی وی دانیشت و تەواوی خێرو خۆشی گێتی بەڕێ و شوێنی دەرویشانەو پیشەی خودا پەرستیەتی گۆڕیەوە ، ئەویش گراو (عاشق)ی ڕێ و شوێنی شێخ طاهای بتلیسی بەچەشنێك بوو تاوکەتەرێزەی خەرقە پۆشانەوە بەوەش تەواو

دڵی دانەکەوت دەستی گەیاندە زنجیرەی ئەڤینی داد گەرانەی شێخ عبدالقادر (غەوثی گەیلانی) و ساڵێ چەند جارێکیش دەچووە دیدەنی بارەگا بەرزە-کەی وەلەناو زۆرترینی هەڵبەستەکانیشیدا بەندیوارێتی دڵە پاکەکەی وی لە راست بارەگای بەرزی گەیلانیدا بە گرنگی ئەندام دەنوێنی .

کاکی هەیرانی بەهۆی دڵپاکێتی و ڕوو خۆشی و ڕاوێژ شیرینی و داد پەرستیەتی خۆیەوە بەرزترین شووێنی لەناو دڵی دۆست و ئاشنایەکانی دا بۆ دیاری کرابوو .

کاکی خۆشناوەتی لەپارێزگاری و خودا پەرستی بەدەر هەموو چتێکی بەهیچ دەزانی و سامانی هەموو گێتی لەلای پوشتێکی نەدەهێنا وە کەم و زۆر حەزی لەنا و ناوبانگ نەدەکرد کەلەهەموو تەمەنی خۆمدا پیاوێکی وا یەک ڕەنگم کەم دیتووە . بۆ نموونە- بالێرەدا سەربردەیەکی ویتان بۆ گێڕمەوە :

لەڕووی ئەوەوە کەچەند پارچە هەڵبەست و بەسەرهاتەکەیم هەر لەخۆی وەرگرتبوو وەبۆ مێژووي وێژە ئاماجی وێنەیەکیشی بووم هەرچەندە کەئێوا-نیشمان بێ ئەندازە خۆش بوو وە لەڕووی دڵسۆزێتیەوە زۆر جاریشی هاتو چۆی دەکردم چەند ساڵێکی تکام لێ کرد کەوێنەیەکي بۆ یادگار وەربگرم تەنها وڵامی ئەوە بوو . تۆ خراپ لەمن گەیشتووی وە دەزانی کەمن پیاوێکی وام شایانم بخرێمە ناو مێژووی وێژەوە من خاکم و سبەینێش هەر دەبمەوە بە خاک ئابڕووی ئەو هەموو بوو وێژە پایە بەرزانەی کورد بەمن و هەڵبەستە بێ سەرو پایەکانمەوە مەبە لەناو مێژووی وێژ کەتدا ئیتر لەهەولێری چەند دۆستێکی کەهەبوو لەسەر داخوازی من هەموویان تکایان لێ کرد کەمەیدان

بدات وێنەیەکی وەربگیرێت . داخەکەم وەڵامی هەموویان هەر ئەوە بوو کەبەمنی دابوو ، هەرچەندە بەو بۆنەیەوە زۆریش دڵگیرو بەپەرۆشەوە بووم بەڵام دەزم نەبری و هەر چاوەڕێی هەل بووم لەو ماوەیەدا چەند جارێکیش بەناوی گلەیی یەوە بەگوێی داماوی برام هەڵینا بوو وە ئەویش دەیکوت هیچ کۆسپەیەك نیە لە گێتی دا کەمرۆی تێکۆشەر وسەری نەکەوی کەچی خواو راستان داماو ( حزنی ) برام لەکاتێکا هاتە دوکانی کەصافی و برای و چەند کوڕێکیشی لەوێ دانیشتبوون . بەندە دەمزانی کەصافی و کاکم دۆستایەتیان هەیە بەڵان نەمدەزانی پایەی دۆستایەتیان تا چ ڕادەیەکی یە چونکوو تائەو ڕۆژی هەردوو کیانم لەیەك شووێنی دا نەدیتبوون . کەسەیرم کرد ئەوەندە جووت و لێك نزیکن بەندە لەنێوانیاندا وەکوو بێگانەیەکی نەناسراو وا بووم .

ئەوسا دووای چاك و خۆشی صافی لەلای کاکم دەستی بە گلەیی و گازاندە کرد لەدەست من و کوتی : کاك سەید دەزانی گیو زۆرم سەخلەت و تووڕە دەکات ! کاکم هەرچەندە لەمەبەس ئاگاداریش بوو بەڵام خۆی ناشی کردو کوتی لەڕووی ئەوەوە کە گیو برای منە ناتوانی لەفەرمانی من دەرچێ تۆش بمکە سەرپشك تا بەئازادی کۆتایی بەو کارەساتە بدەم . صافی کوتی . جا تۆ بەبێ ئەوەش هەر برا گەورەی کەس لەفەرمانی تۆ سەرپێچی ناکات .

کاکم پرسی دە بفەرموو بزانم تاوانەکانی گیو چین ؟ کاك فەرمووی گیو لای وایە کەمن سۆف و بووێژم پێی داگرتووەو زۆرم ڕوو لێ دەنێ کە وێنەم وەربگرێ هەرچەند پێی دەڵێم ( باوکم من خاکم و سبەو دووی دەبەوە

بەخاك شایانی ئەوە نیم کە تۆ لەناو مێژووی وێژەدا بمخەیتە ڕیزی بووێژە هونەرمەندەکانی کوردەوە تکایە ئابڕووی وان بەمنەوە مەبەو جگە لەوەش من حەز لەناوو ناوبانگ ناکەم سوودی نیەو وازم لێ ناهێنی .

داماو کوتی : چۆن تاوانە گرنگە ناپەسندەکانی گیو هەر ئەوەیە ؟!

صافی لەوەڵامی دا کوتی بەڵێ هەر ئەوەیەو تاوانیش لەوە گەورە تر نابێ ! !

داماو کوتی کاکی بەڕێز فەرمان بەسەر تۆدا بەو چەشنە درا کە ئێستا لەشوێنی خۆت هەستیو بچی لەسەر هۆو کورسیەی دانیشی بۆ ئـەوەی وێنەکەت وەربگیرێت و ڕووی لەمنیش کردو کوتی لەبەرامبەر ئەو تاوانەدا کەزاتی وەت کردووە دڵی کاکی نازدار بشکێنی سزات ئەوەیە هەر ئێستا وێنەکەی وەربگری تاجارێکی تر دڵە نازدارەکەی سەخڵەت نەکەی .

صافی دەمو دەست وەکو سەربازێکی گوێدێر لەشوو ێنی خۆی هەستاو چوو لەسەر کورسی ناوبراو دانیشت و بەندەش بەئارەزوو ی خۆم وێنەیەکی باشی کارەبایيم وەرگرت ، کەهیچ کەسێکی تـر نەیتووانیوە وێنەیەکی وا ڕدوشەنو باشی وی وەرگرێ .

ئەوجار کاکي هیرانی بەداماوی کوت : لام وایە دادگەر (حاکم)ێکی داد پەرست نەبووی لای برایەتیت بەهەند گرت وام زانیبا نەمدە کردبە بـرا گەورە بەڵام دۆڕاندم !

داماو کونی کاکی خۆم چەندین ساڵە ئاگام لەو گێرەو کێشەیە هەیە ڕاستیە.
کەی ئەوەیە تۆ هەرچەند خۆت بەخاك بزانی گیو تۆ بەڕێز دەزانی ئێستاش
کێشە لەنێوانی دا نەما تۆ حەز دەکەی خۆت هەر بەخاکو خۆڵ بژمێرەوە
گیویش لەکاتی خۆی دا بەپێی بیروباوەڕی خۆی لەتۆ دەدوێ .

صافی لەسەردەمی شێخێتی لەناو گێتی دا بەندیوارێتی خۆی لەڕاوو دەنگی
خۆش و جوانی خۆرسك بەدەر لەگەڵ هەمو خۆشی و ناخۆشێکی تر پساندبو

**صافی و راو** : زۆرترینی سەردەمی خۆی بەڕاوی باڵندان و پەروەردە
کردنی کەوان بەسەر دەبرد وەلەناو گێتی دا هیچ چێکی لەکەوی سپی
خۆشتر نەدەویست .

صافی و جوانی خۆرسك : کاك بەدیتنی گوڵ و گوڵزارو دیمەنانی خۆش و
جوانی خۆرسك وەکو خونچەی دەپشکوت . هەرچەندە گوندی (هیران)
لەهەموو لایەنێکەوە لەبەهەشت خۆشتر بوو سەرڕای ئەوەش هێنای حەوزو
سەراوو چەند جۆگەیەکی لێ دامەزراندو خیزو ووردە بەردی زەردو سوری
لەهەندەرانەوە هێنابوو وەبەپێی سەلیقەی بەرزو پەسندبوە بەناو حەوزو
سەراو و بەندو جۆگەلەکانی دا بەچەشنێکی ئەندازیاری دابەش کردبوون ،
ئەوجار دیمەنی هیران و ێرای باخ و باخچەو ڕەزو چیمەن و گوڵ و گوڵزارو
تریفەی ئاوو تروسکەی بەردە ڕەنگاو ڕەنگەکانی مرۆی سەرخۆش دەکرد .

صافی و دەنگی خۆش : کاك هەمیشە چەند دەروێشێکی دەنگخۆشی لەلا بوو
بەتایبەتی فەقێ خدرو دروێش مستەفاو حاجی عبداللهی دەفژەن کەلەکۆڕی
دیوەخانەدا دەنگیان لێ هەڵدێنا باڵندانیان بەهەواوە دەویستاند خۆبەتایبەتی

کەهەڵبەستە تەڕو ناودارەکانی کاکیان دەخوێندەوە کاکیان بەجارێکی دەخرۆ-
شاندو بۆی دەهەژاوە وەکوو ڕێژنەی بارانە فرمێسکی بەسەر ڕوومەت و
ڕیشیدا هەڵدەوەراند. هەرکاتێکی صافی بهاتبایەتە هەولێرو دەشتی دزەیەتی و
یا زینووی شێخی و شووێنانی تر دوو سێ دەنگخۆشێکی بەژاردەی لەگەڵ
خۆی دەگێڕا بۆ نموونەی شەیدایی صافی لەپێناوی دەنگی خۆشیدا باسەر-
بردەیەکیتان بۆ هەڵڕێژم کەلەخۆی و کوڕەکانیشم بیستووە:

چەند جارێکی لەموصل و بەغدایە کەبەشەقام و کۆڵاناندا ڕابردووە لەکاتێکی
کەدەنگێکی خۆشی مرۆڤ یا گرامافۆنی گوێ لێ بوبێ بەبێ ووزە (اختیار)
لەوێ ڕاوەستاوە کەزۆریشی کار لێ کردبایە بەکوڵ دەگریاو فرمێسکی هەڵ-
دەوەراند سائەو شوێنە چاک با یاخراپ رادەوەستا تاگۆرانیەکە کۆتایی دەهات

بۆ نموونەی دڵڕاگرتن و دۆستایەتی و ئەمەگداری و دڵفراوانی و سازانی
صافی بەسەرهاتێکی تریشم وەبیر هاتەوە جێگای خۆیەتی یادی نوێ کەمەوە:

ڕۆژێکی لەمانگی ڕۆژوواندا کاکی دڵ و دەروون پاک لەگەڵ کاک نوری
برای و چەند برادەرێکی تردا لەلای بەندە دانیشتبوون لەپاش ماوەیەکی پێی
کوتن هەستن باچین دیدەنێکی عەونیش بکەین ئەوانیش کوتیان قوربان کاک
عەونی بەڕۆژو نیە بچینە لای وی چ بکەین ئێرە باشترە. کاک فەرموی دەک
ماڵتان کاول بێ بۆ گێلی و نەزانیتان ئێمە دەچینە لای عەونی ئەگەر بەڕۆژو
بوو ئێمەش پێبن خۆ کەپێ نەبوو ئێمەش پێی نابین، ئیتر چونە لای وی.

داخەکەم لەدوایی تەمەنیدا چاوەکانی کزو کەم بینا بوون، بابەکوڕتی
بیبڕمەوە کاکی هـــیرانی کەوەکوو گوڵی گوڵاوی هەموو شوێن و کۆڕو

هەر یەمێکی دەکردە بەهەشتێکی خەملاو و بۆنخۆش وەیا هەم دەتکوت بولبولی سەوداسەری گولانە داخی گرانم ئەو گولە بۆنخۆشەو ئەو بولبولە سەرخۆشە لە ( ١٩٤١ )دا پەڕو باڵی هەڵوەراندو ڕەوانی پاکی بە گیان ئافەرین ئەسپاردوە لە گوندی هیرانی لەئەشکەوتی ( شیخ سلیمانی )دا کەغارێکی داتاشراوو گۆڕستانی بنەماڵەی وانە لە گۆڕێکدا نێـژرا کەلەسەردەمی ژیانیدا بەدەستی خۆی بۆ خۆی هەڵکەندبوو .

بەڵێ ئەو دۆستە زاناو پایە بەرزەو ئـەو برادەرە دڵسۆزەشم بەفەرمانی چارەنوس بەناچاری بەجێی هێشتم ، ڕۆژگاری چەبگەرِ بەدوور خستنەوەی ئـەو بووێژە ناودارو نەمە گدارو دڵسۆزە داغێکی دیکەی وای بەجەرگەوە نام کەتا ماوم لەبیرم ناچێتەوە . بەهەشتی حەوت کوڕو چـوار کچی لەپاش بەجێماون ئەوا بەپێی تەمەن ناوی کوڕەکانی دەخرێنە پێش چاوانەوە : ـ

١ ـ حاجی کاك مەلا علی کە کوڕی هەرە گەورەو پۆست نشینی خۆیەتی .

٢ ـ حاجی کاك مەلا عەزیز      ٣ ـ کاك ئـەنوەر

٤ ـ کاك جەعفەر      ٥ ـ کاك عبدالقادر ( غەوثە )

٦ ـ کاك جنید      ٧ ـ کاك عبدالکریم ( بابە شێخ )

---

سەرنجێك لەوەی کەئەوە دیوان نیەو کەشکۆڵە : لەڕووی ئەوەوە کەبێجگە لەصافی ( کاك ثانی ) باوکیو چەند کوڕێکیشی لەوێژەدا دەستەڵاتدارن وام بەبەرژەوەند زانی کەلەلاپەڕە ( ٨٥ )دوە چەند پارچە هەڵبەستێکی کاك (ثانی) باوکیو لەلاپەڕە (٨٨)دا چەند هۆنراوێکی ( صفوەت ) وەلەلاپەڕە ( ٩٤ ) دا پارچە هەڵبەستێکی (سۆزی) ، وەلەلاپەڕە (٩٧)یشدا پارچـە هەڵبەستێکی (ووریا) بۆ یادگاری بنەماڵەی بەرزی هیرانیان چاپکری .

# « سوپاس »

لەڕووی ئەوەوە کەکاک حاجی مەلا عەلی دیوانی خوا لێی خۆشبووی باوکی پێشکەش بەچاپخانەی کوردستان فەرمووەو کاک عبدالقادر عەوئەش (سۆزی) هەڵەبژێری کردووەو کاک عبدالکریمی بابەشێخیش سەرڕای هەڵبژێری دیوانەکەشی نووسیوەتەوە لەکانگای دڵەوە دەسکە گوڵی بۆن خۆشی سوپاسیان پێشکەش دەکەم .

گیوی موکریاني

ووردە خاڵی ئێستەکەش نازێ لەسەر یەروین دەکا
چاوی بازی دائما بازی بەئاهووی چین دەکا

ڕۆژی جێژنە عادەتە دەستی حەنایی کا مەگەر
سا کەوابێ دێ بەخوێنم پەنجەکەی ڕەنگین دەکا

طیری دڵ لەم ناوە دەرناچێت و ئەو حەددی چیە
چونکە یارم بازێکە نەخچیری سەد شاهین دەکا

حەقی کوشتەی خۆی ئەدا ئەغیارو ئەمایاری من
قاتلێکە دەی کوژێ خوێنیشی لێ تضمین دەکا

گەر مەرامی کوشتنە یارم چ باکم ھەر نیە
وائەسەف ئەما کەدامێنی بەمن خوێنین دەکا

زامی هیجران زۆر بەئێشە هەرکەسێ نەیدیتووە
بێت و بنوارێ کە دڵ لەم دەردە چۆن ناڵین دەکا

( صافی ) تۆی شادی بەئاوی چاو دەچێنێت و کەچی
چی بکا لەم طالعە خاشاکی خەم واشین دەکا

یار لەبەر نازی جەوانی مامزە سارەم دەکا
یا لەناڵەی عاشقانە ڕوو لەعالەم کەم دەکا
لەعلی لێوی شاهدە ملکی دڵم خاصی ئەوە
حەقیقەتی بەو خاتەمە دەعوایی جامی جەم دەکا

ئاهی سینەی عاشقانە وا جیهانی گرتووە

لەو بزانە گەر دەماوەند بەعزە جاری تەم دەکا

ڕووو خاڵی ڕەونەقی لالەو وەنەوشەی ساندووە

لالە داغدارە وەنەوشەش بۆیە هەر ماتەم دەکا

من ئیجارەی خەرمەنی غەم بۆ دڵی مسکین دەکەم

سونی طالع دێت و هیجرانی لەسەر من زەم دەکا

دڵ ئەمەگدارەو کەچی مەحبوبە ئازاری دەدا

خەلقی بۆ بێگانە وایە ئەو لەگەڵ محرەم دەکا

(صافیا) دڵ مائلی تەنهایی بێ عەیبی نیە

عیللەتی سەودایەتی هەر حەز لەجێی بێ غەم دەکا

---

دڵ لەبۆ مەحبوبە دیسان گریەوو زاری دەکا

وا لەهەردوو چاوەکانی خووێن و ئاو جاری دەکا

وا سەراسەر ڕووی زەمینی گرتووە خووێناوی ئەشك

دوودی ئاهیش ڕۆژی پۆشی و ئاسمان تاری دەکا

زۆر بەئازارە دڵی زارم لەبەر هیجرانی یار

ناحەقە ئەو عالەمە لەو زارە بێزاری دەکا

مەرحەبایێکم بکا بۆ دڵ فریبی منیەتی

وەرنی ئەو بێ ڕەحمە کەی بۆ عاشقان یاری دەکا

ڕەڕی موسولمانی لەدڵ نیشت پەرچەمو ئەگریجەکەی
بۆیە ئێستێش وا بەیادی زولفی زاری دەکا
چاوەنوڕی یارە بۆیێ ڕێگە دەڕشێنی بەخوێن
عەیبی لێ مەگرە کەئەو بێچارە خوێن بازی دەکا
قەت مەڵێن یار بێ وەفایە وا بەناحەق دەیکوژێ
بیکوژێ یا نەیکوژێ (صافی) فیدا کاری دەکا

دێ بولبول لەدەوری باخی گوڵ یاری نەکا چبکا؟
لەلاوی خونچە هەر دەم شیوەنو زاری نەکا چبکا؟

زەمانی لەززەتی ڕۆیی و دەوری زیللەتی واهات
ئیتر یاران لەمەولا ڕوو لەدڵداري نەکا چبکا؟
لە ئاهی گەرمەوە وا لێو بەبارو هیشکە ئێستێکە
لەکانی چاوەکانی خوێنو ئاو جاری نەکا چبکا؟
شەوی هیجران خەیاڵی یار دەکا اصلا خەوی نایێ
بەیادی ڕۆژي وەصلی حەز لەبێداری نەکا چبکا
بەکفری زولفي ڕەڕی ئیسلامی بەستووە بۆیێ دڵ ئێستێ
وەکوو صنعانی دائم مەیلی زینناری نەکا چبکا؟

دڵم عەیبی نیە گەر ڕووی زەوی تەڕ کا بەخوێنی ئەشك
بە ئاهی دوودناکیش ئاسمان تاری نەکا چبکا؟

لەلایێ فیرقەتی یارو لەسوویی میحنەتی ئەغیار
لەهەر دوو لا دڵی مسکین رجا کاری نەکا چبکا

هەوای یاری لەسەر دەرناچێ اصلا لەو جەفای دووری
دڵی بێچارەکەم هەردەم وەفاداری نەکا چبکا

ئەگەرچی بێ وەفا یارم جەفای دا ئەو دڵی مسکین
وەکوو (صافی) لە بەد بەختی فیدا کاری نەکا چبکا

ئەوا غەزوی غەمی بۆ غارەتی دڵ کردە یەلغارە
وەکوو هەیهاوی عارەب سا عشیرو عێلە هاوارە
دەڵێن دڵ بێ هەوارو ترسەنۆکە با بەتاڵان چی
لەلای خۆیشی عەگیدو خانەدانو یێکە سالارە

ئەما چبکا لەگەڵ بەختی ڕەشو ئەو چەرخی کەچ ڕەفتار
کەسەر عەسکەر بەدائیم بۆ سوپای غەم فرقەتی یارە

هەزاران قۆشەنی غەم بێ بەبێ سەر عەسکەری یارم
دڵی دێوانە هەڵنایێ ئەگەر بیکەن بەسەد پارە

وەلێ بێچارەیە ئیمڕۆ حیمایەی لازمە بۆتان
ئەوەك عالەم بلێ عێلو عەشیرەت بووینە بێ کارە

لەوەختی ئێمەدا ئێستەش بەعەیبو عارە وا یاران
خصوص لەم وەختەدا چونکی لەچەند جێوە برینداره

وەفای عالەم نەما غیرەت خەلاس بوو ( صافی ) ئێستێکە
بەتاقە سووارە دڵ چبکا کەجەیشی غەم بەملیارە

دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا
گریەی لەدەنگی سازو عودو بەزمی نایو نەی دەکا

سەردەمی مەستو خومارو خادمی مەیخانەیە
وەختی تەسبیحی لەدەستە سۆفیە حەیحەی دەکا

ڕۆژی وایە زۆر بەکەیفو پێکەنینو خەندەیە
باعزی شەو مەجنونە دائیم گریە بۆ لەیلی دەکا

بەعزی جاران عالمو عامیلو عابد خۆیەتی
وەقتی جەهلو فیسقی زۆرە عالەمێ لۆمەی دەکا

پێی دەلێم ئەی دڵ وەرە ئێرانی یاتورانی بە
ئاو لەبەینی هەردوو جێگا ڕوو لەدەشتی ڕەی دەکا

دڵ نزانم شێتە یا سەرخۆشە یا دێوانەیە ؟
یا الاهي ئیشی وا عکسی بەمن تاکەی دەکا ؟
دوور لەیارە دڵ لەبۆیێ بێ ثباتە (صافیـــا)
تاکو لەو سەگ مەرگەدا بێ ئیختیاری وەی دەکا

چاوەکەم چاوم بەدائم ئینتظاری تۆ دەکا
شەو بەیادي عارضت یادي گوڵی شەو بۆ دەکا
راحەتی هەڵگرت لەعالەم وا لەمەهدي سینەکەم
طفلی دڵ بۆدایەیي وصلت وەها رۆ رۆ دەکا
چونکە بۆی نەینا سەبا گەردێ لەژێري نعلەکەت
دڵ لەتاوا خاکي گشت عالەم بەسەر رووی خۆ دکا
قەترەیی ئاوی نمەکبارت بنێرە ئەی طبیب
وا ئەزامي سینە بێ مەرهەم چسفت و سۆ دەکا
وادیی عیشقت ئەوەند دوورە بەرۆژ تەی ناکرێ
پەیکي دڵ بۆیێ سکون نابێ بەتاو شەو رۆ دەکا
ئاوری عیشقت دەرووني وا سەراسەر گرتووم
دوودی ئاهم وا لەسەر چەرخی بەرین بۆن سۆ دەکا
جەیشی هیجرانت بەجارێ مولکي جسمی گرتووم
بۆیێ (صافی) لەم زەمانە لەشکری غەم کۆ دەکا

گوڵناری ڕوخت ڕەشکێ بە گوڵزاری ئیرەم دا
دوو تاقی برۆت طعنی لەمحرابی حەرەم دا

روح مەستە لەراحی تۆ لەنێو عالەمی ئەرواح
باتن لە (بەڵێ) دایەو زاهر لە (نعم) دا

هاستاوی کەهەستاوە قیامەت بە قیامەت
ڕۆیەوی کەڕۆییوە دەمم لەو دەم و دەم دا

دڵ والەبەر ئازاری وەکوو نقطەی زارت
گاهێ لەوجودا هەیەو گاهێ لە عەدەم دا

بۆچی نەگری دڵ لەسەر ئەم شێوە پەشێوە
وا حەپسە لەنێو چینی چەمی پەرچەمی چەم دا

گەر بێت و بەسەرخۆشی بپرسی لەنەخۆشیم
حەق القدمە روح لە قەدەمگاهی قیدەم دا

(صافی) لەبەر ئەم خاڵەیە خالی لە (خەیاڵە)
یا کیەی بەزۆر دایە وەیا زۆری بە کەم دا

ئەگەرچی دڵ بەڕۆژی عارضت سووت
بەڵێ وا عادەتە بۆ عاشقی ڕووت

نیە احتیاجی پابەندیم بەقوربان
کە گیراوم بەداوی تاری گێسووت

بە ناری عیشقەوە مەمنێژە جانا
دەسووتێنی بە باڵلە کفن و تابووت

بە غەمزەی تۆ برینی من هەزارە
موژەت بەسیە لەگەڵ ئەبرۆت مەکە جووت

بە کوفری زولفەکەت دڵ وەرمەگێڕە
کەوا سالیکە لەبۆ میحرابی ئەبرۆت

بەخەنجەر چارەیی دڵ ناکرێ وا
گوفتارە بەسیحری چاوی جادووت

بەسەر سەودا دەکا (صافی) بە ڕووی تۆ
میانی پێچی پەرچەم خاڵی هیندووت

بازی دووری وا بەتیری غەم دڵی کردم نەزار
قەت معینێکم نەبوو عەرزم بباتە کۆیی یار

دەردی دووری بەو طبیبانە عیلاجی ناکرێ
زامی تقدیری ئەزەل باداروویی لوقمان چکار

ئاوری هیجران لەسینەم دابی کفنم بۆچیە
خۆی لەبەر ئەم ناڵە ناگرێ سەنگی تابووت و مەزار
ئەی ڕەفیقان عیللەتی دووریمە دەستم لێ مەدەن
قەت شفای نایە برینم تا نەگاتە دەستی یار
تاوقی عەشقی ویم لە گەردندا نەجاتیم بۆ نیە
کۆششی بێ فایدەیە یادی خەلاصی ڕستگار
من گەدایی کوێی نیگارم پادشاهیم کەی دەوێ
دەوڵەتی دونیاو قیامەت بۆچمە بێ چاوی یار
عالەمت بێزارە لێ (صافی) لەبەر زاری بەسە
مەقسەدت تفویض بکە بۆ خالقی پەروەردگار

ئەی بایی سەبا هەستە لەحاڵم بەوە هوشیار
شرحی دڵی ماتەم زەدەکەی من بەرە بۆ یار
لەو فرقەتی ئەو وا ڕەمەقي ماوە لەعومرم
ئومێدی حەیاتم نیە رووحم نەبێ غەمخوار
ئاجیلمە درشدی شوغریب گوگلەمی هەیهات
وەسلنلە نەجات بولمەسەبی چـارە کیمی وار

کیمسه صوره مزعیللەتی عشاقنه هەرگیز
تیماره سنن بەشقەسی یوق زومرەیی بیمار

لا أمنــع عن قربك من لومة لائم
ان أصبر فی بعدك قد احــرق بالنــار

لو جسمی بعید لك فالروح قــریب
ان ترحم بالروح وإن تقتل فاختيار

مەن مەستەم ئەزان بادەیی صهبای تو لاکین
این سیري تو در جلوه گەهی عشقي تو هوشیار

کاشانەیی لاهوت بوەد لایقی آنکەس
مال و سەرو جانەش کي نهاده بەرەهی یار

خۆی کوردی یه ( صافی ) لەهەوای عیشقي تۆ ئیستێ
کوردی ، عەرەبی ، فارسی و تورکي بــووه ئەشعار

(( م ))

کەرۆژی وصلی ئاوا بوو بەچاو گریان نەکەم چبکەم
شەوی هیجراني وا داهات کەدڵ بریان نەکەم چبکەم
بەکینەی من دووبارە چەرخی کەچ واکەچ مەداری کرد
منی بێ طالعیش بەو نەوعە گەر دەوران نەکەم چبکەم؟

بەبێ یارم حەیات تەڵخو ئەجەل شیرینە ئێستاکە

لەجەژنا گەر روحی شیرینی خۆم قوربان نەکەم چبکەم

وەکوو دەوری فەلەك دایم یار نەبم یاران

فەرامۆشیم بەکێ دێ دڵ کەسەر گەردان نەکەم چبکەم

ئەگەر دەرمان نەکا بێماریی دڵ بێ وەفا یارم

لەدەردی بێ دەوا گەر چاو ڕێی لوقمان نەکەم چبکەم

وەکوو یوسف لەزینداني غەما حەپسی عەزیزیکم

لەبۆ تەسکینی جاری ڕوو لەلای کەنعان نەکەم چبکەم

طیب نەیت و دەوای دەردت نەدا چارم نیە (صافی)

بەمردن گەر علاجی دەردی بێ دەرمان نەکەم چبکەم

---

تۆ دەزانی بۆچی یادی دلبەری ڕەعنا دەکەم

مایلی بەد ناویمە بۆیێ کاری بێ پەروا دەکەم

سەر لەسەر سەودای تۆو دڵ لەپایی پێ یەکەت

بۆچمە جانا سەرو دڵ هەردوویان ڕیسوا دەکەم

موڵکي میسرم بۆچیە گەر ماهی کەنعانم هەبێ

چم لەبازاڕی زولەیخا یوسفي سەودا دەکەم

چاوەکەم چاوم لەبۆ چاوی تـۆ خووێن باری دەکا

وا منیش هەر لحظه بۆ تۆ شین و واوەیلا دەکەم

مەیلی من هەر مەستیو رەنـدیو شـاهید بازی یە

وا لەبەر میحرابی ئەبرۆت تاعەتو تەقوا دەکەم

مـن لەدەست دونیـایی دونو عالەمی وا بەد عمل

ڕووبی شکواو تەواضع بـۆ شەهی بەغـدا دەکەم

(صافیا) هیران وەکوو نیرانە جیرانی جەحیم

ساکەوا بێتو توکل دائما بەخـودا دەکەم

یاری خۆم لێ زیزە بۆیە حەز لەمەرگی نەو دەکەم

شەو کە بێ هۆشم لەتاوی وا مـەزانە خەو دەکەم

بۆ شکاری مورغی وەحشی نەك هـەڵۆو شاهینم

عەشقی چاوی بازی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم

ڕۆژ بەیادی ڕووی هەتا هێوارە هەر هاوارمە

شەو بەفیکری زولفی تا سبحەینێ سوحبەت لەو دەکەم

لەو دلارامە بپرسـن وا دل ئارامی نەما

جارێکیەچارێکی دەردم کا دەخالەت بەو دەکەم

گوێم لەسازو عودو نەی چاوم لەساقیو بادەیە
خادمی پیری موغانم بۆیە وا پەیرەو دەکەم

صەرفو سوودی نەقدی دڵ لەو عالەمە بێ مایەیە
تابەکەی بێ فایدە سەرفی گەنجی کەیخوسرەو دەکەم

(صافیا) کافیمە بۆ دونیاو قیامەت یاری خۆم
چم لەباسی عالەمە هەر ذکری ناوی ئەو دەکەم

دڵبەری ناز پەروەری ڕوو نەنوەری مەهپارەکەم
نەو نیهال، ئەبرۆ هیلال، شیرین جمال، نازدارەکەم

مەهرویی، مشکین مویی، چاو ئاهویی سحرای خوتەن
سوور گوڵە، مو سونبولە، ماهی پەری ڕوخسارەکەم

جانی جانان، شاهی خووبان، ڕەهزەنی پیرو جەوان
گوڵ ڕووە، شیرین‌خووە، شۆخی شەکەر گوفتارەکەم

چاوی کاڵە، لێوی ئاڵە، ڕوو بەخاڵە، دڵبەرم
زولفی خاوە، ئێم بەداوە، یارەکەی ئەغیارەکەم

چەندی بێ مەیلم دەکەی سەد هێندە مفتونم لەبۆت
جێی رەحمێکت نەبوو دەرحەق دڵی خەمبارەکەم

بەسیە بێ رەحمی بەقوربان پایەماڵی خەم بووم

ڕێی نەجاتیم بۆ نیە گەر تۆ نەبی خەمخوارەکەم

ئەشکی چاوم ئەرزی داگرت دوودی ئاهم ئاسمان

بۆیە وا ڕەش داگەڕا لەو ئاهی ئاتەشبارەکەم

وا لەجێی نێشی خەدەنگت تا بەڕۆژی حشر دوە

خوێنی لێ دەڕژێ بەدائم لەو دڵی زامدارەکەم

(صافیا) سا حاڵ پەرێشانیم لەغایەت دەرچووە

رووحەکەم رەحمێ بکە بەو شینو گریەو زارەکەم

---

لەبەر مەیلی مەیی عیشقی تووە یاری وفادارم

لەتەکیەو خانەقا دەرچووم، خەریکی دێرو زیننارم

لەبەد کرداری من ڕوو وەرمەگێڕە ئەی شەهی خوبان

کەتۆ ڕوو وەربگێڕی کەس نیە گەر بێتە خەمخوارم

لەدووریت لذەتی من پایەماڵی زیللەتە هەردەم

حەیاتم بێ جەماڵی تۆ مەماتی ژینە ئەی یارم

ئەگەر شەمعی جەماڵی تۆم نەبێ ڕۆژم شەوی تارە

بینایی نووری چاوانم ئەتۆی مەهی ضیادارم

ئەوەندەم عجزو شادی ، وصل و هیجران دیوە ئەی یاران
لەڕۆژی حەشردا اصلا نەحاجەت جەنەت و نارم

لەصفحەي عیشقەوە گەر سیرڕي رەحمت بێتە نێو عالەم
هەتا مەحشەر چکەس سـجدێکی نابا شاهی ( غفار )م

لەجیلوەی نفی و اثباتی تۆ وەك ( صافی ) بەڕۆژو شەو
دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم دەمێ بێدار و هوشیارم

حەقیقەم گەر فەلەك یاران بـەئاهی دل بسوو تێنم
جەوازە گەر زەمین یەکسەر بەخوێنی دیدە برِشێنم

لەدەستي غەم جوانیم ڕۆیی و پیری ڕوو بەڕووم وا هات
لەمەولا چۆن مودارا بێت و ئایا چۆن ئـەبێ ژینـم

لەعەشقي لەیلەکەی بێ مەیلەکەو دونیایی دوون هەیهات
سەرێکي ڕاحەتیم ساتێ نـەبوو دانێمە بالینم

لەدەردی دل لەجەرگی کول لەداخی سینەکەی سووتاو
بەڕۆژم دادو ڕۆ ڕۆیـە لەشـەودا شیوەن و شـینم

بلێنە شۆخەکەم بێ ڕەحمی تا چەند؟ بێ وەفا تاکەی؟
بەسانی خونچە دلتەنگ بم وەکوو گول جامە بدرێنـم

بە ڕیشی سپیەوە یاری نەکردم بەختی ڕەش جاریٚ
منیش بۆیە کەعادەت عاجزیو ڕەسمە ناڵینم

لەزاری من مەکەن بێزار ( صافی ) زۆر بەئازارم
لەداخی سینەکەی سووتاومە ئەو ئاخە هەڵدێنم

حەبیبا خۆت ئەزانی بۆ لەعالەم بێ موبالاتم
لەطفلی سینە ڕیش و دڵ بەئێش و سەر بەسەر سەوداتم
ژیانی من لەعەشقی تۆ مەزانە غیرەتی خۆمە
سبب وابوو بەمنداڵی لەدەردی عەشقی ڕاهاتم
لەحاڵی نەوجەوانیدا جوانی تۆم موسەللەم بوو
لەمەولا چۆن بەلایێ ڕوو بکەم شەیدایی بالاتم
دەمێکە بەندی چینی پەرچەم و پێچاوی کاکۆڵم
بەدائم زارو خەستەو دەست بەستەی زولفی تاتاتم
سەری خاڵی لەسەوداکەت چلۆن سەودا ئەکەم جانا
سەری بازاڕی ئەغیارم نیە موحتاجی کالاتم
سەراپا گەر هەمووم عەیبە لەجاهی تۆ چ کەم نابێ
ئەگەر ڕەحمێ بکەی چونکی غەریبی ژێری دەرگاتم

گەدا زادەی تووە (صافی) حەقی ئازادی یە قوربان
خەلاتم گەر سیاسەت بێ بەممنوونی ئەوا هاتم

لەناوی دەردی دووری تابەکەی بێ شیوەن و ئاهم؟
مودارا چۆن بکەم لەم حاڵەدا بەم عومری کۆتاهم
لەئەم ژینە گەلێ بێزارو لەم مانە پەشیمانم
بەبێ رەحمت لەدونیاو ئاخیرەت لام وایە گومراهم
سەرای دڵ ئێستە تاریکە بەبێ شەمعی جەمالی تۆ
ستارەی تالعم نەحسە نیقابت لادە ئەی ماهم
چیە حوکمی سلیمان حشمەت و جەم جاهی ئەسکەندەر
بەبێ فەرمانی تۆ ئەم رِوتبەیە بۆ چیمە ئەی شاهم
گەدایی تۆم گەلێ بۆ خۆشترە لەو مسندی شاهی
ئەوەندەم کافیە قوربان کەعەبدی ژێری دەرگاهم
لەسیلەی رەحمە گەر قاصد بەتحفێکی سلامت بێ
لەژێر پێی قاصیدت جانا بەسەر خاکی قدەمگاهم
ئەگەر جارێکی تر فەرمووی سەگی دەرگای منە (صافی)
هەتا مەحشەر بەسە بۆ من مقامی عیززەت و جاهم

## ( بەستە )

بەقامەت خەرامان بەڕوو ماهی تابان
فیدای تۆم گەدای تۆم عەزیزم

دەمێ بێرە لامان بنۆڕە غولامان
بەچاوی باز بەغەمزەو ناز عەزیزم

لەدەردت حەزینم کولاوە برینم
بکە دەرمان ئەتۆی لوقمان عەزیزم

لەبەر چاوی کاڵت لەعیشقی جەمالت
دەمێ شەیدام دەمێ ڕیسوام عەزیزم

لەدوو لا کوژاوم سەراپا سووتاوم
بەناری ڕووت بەدوو ئەبرۆت عەزیزم

تو شاهی جیهانی تو رووحی ڕەوانی
حەیاتم تۆی نەجاتم تۆی عەزیزم

وەکوو ( صافی ) هیران فیدای شاهی گەیلان
منی مەفتوون منی مەحزوون عەزیزم

( صافی ) لەدەردی فیرقەتە چارەیی حاڵی زەحمەتە

زامی بەئێش و ئەزیەتە دڵ بەبرین و ئێش و ژان (*)

جانا لەفیراقی تۆ پەشێواوە دڵی من
پەروانەیی شەمعی تووە سووتاوە دڵی من
سەر تابەقەدەم غەرقەیی خوێناوە دڵی من
وەحشی صفەتە بەستەیی ئێوە داوە دڵی من

دڵ ئەلبسەیی خووێنی هەموو دەم کە لەبەردا
دەیزانی فەلەك کینەیی وی مابوو لەسەر دا
چەند عاشقی کوژتوونەو خووێنی بەهەدەر دا
لەم تالعی بەرگەشتەیە چۆن ماوە دڵی من

دائم کەلەدەست جەوری زەمانە بەجەفایە
پەیوەستە بەجەورو ئەلەم و دەردو بەلایە
بۆ عاشقی بێچارەیە ئەو عادەتە وایە
بۆیێ کەلە گۆشەی غەمی داماوە دڵی من

---

(*) صافی ئەو شیوەنەی بەبۆنەی کۆچی دوایی کوڕە نازدارەکەی ( لعلی ) بۆ یادگار هەڵبەستووە کەوا لەتەمەنی ( ٩ ) ساڵیدا جووانەمەرگ بووە .

ابووری بەلاوە لەدوو لا هاتووە یاران
بۆ قەتلی سەری عاشق و مسکین و هەژاران
معلومە کە دەرناچێ لەبەر تیری سواران
چەند دەفعە لەدەم قازوخیان داوە دڵی من

سەر قافلەچی دەستی منت دامەنە قوربان
مازۆ بەعجل مەحمەلی لەیلا بەهەموو ئان
مەجنون صفتان ماون و لەم رێگە پەرێشان
بێ چارە لە یارانی بەجێ ماوە دڵی من

دائم لەهەوایی تۆ گەلێ حاڵی پەشێوە
هەردەم لەجەفایی تووە وا کەوتووە جێوە
ئەو قورِ بەسەرە روحی گەیشتە سەری لێوە
دەرمانی بکە تاکوو نەفەوتاوە دڵی من

ئەی بایی سەبا قاصدی جانانی روح ئەفزا
نامەی غەم و دەردو ئەلەمم تۆ بەرە بەغدا
تا چەند لەئەو محنەتە دابی سەگی دەرگا
موددێکە وەکوو ( صافی ) کەشێواوە دڵی من

موددێکە لەهیجرانی تۆ شێوایە دڵی من
سەرگەشتەو بێچارەو ڕیسوایە دڵی من
پەیوەستە لەکێوانو لەسەحرایە دڵی من
مەجنون صفەت مائلی لەیلایە دڵی من

ئەم وەحشیە اصلا کەلەبۆ ئێمە نەبوو ڕام
هەرچەندە سەعیو کۆشش ئەکەم نایەتە نێو دام
ئایا لەسەر ئەم شۆڕشەیە چی ئەبی ئەنجام
ئاثاری کەلەم وەحشەتە پەیدایە دڵی من

سەوداسەرو دێوانەو حەیرانە هەموو دەم
بۆ یارو بۆ ئەغیار شەریکە لەهەموو غەم
فارغ نەبوو یەك لحظە ئەگەر زۆرو ئەگەر کەم
ئاشوفتەو پڕ شۆڕشو غەوغایە دڵی من

دائم لەغەمی عەشقی تۆ وا خانە خەرابە
بەو ئاوری دووریە کەوا سینە کەبابە
بێعارە مەگەر بۆیە کەئازاری صەوابە
بەد بەختی نەبێ چی لەچ دامایە دڵی من

بەو زولفە ئەسیری مەکە دێوانەیی توٚیە
مەسجونی مەکە خادمی دەرگانەی توٚیە
مەفتوونی جەمالی تووە پەروانەی توٚیە
موشتاقی قەدو قامەتی رەعنایە دڵی من

دووری لەوەتەن دەربەدەری یارو دیارە
بێ مونسو بێ یاوەرو بێ زارو نەزارە
بیمارو بریندارو جەفا کێشو هەژارە
بێ چارەیە وا ڕوویی لەمەولایە دڵی من

بێ ڕەحمو وەفایی بەسە ئەی یاری وەفادار
شەیدایی هەوایی تووە ئەو (صافی)ی بێچار
پابەندی دووسەد غەم بووە لەو لۆمەیی ئەغیار
جێی چارەسەری دەرگەهی بەغدایە دڵی من

جانا لە غەمت والەو حەیرانە دڵی من
سەرگەشتە وەکوو وەحشی لە کێوانە دڵی من
دائیم لەدەرو دەشتو بیابانە دڵی من
موشتاقی وصالی روخی جانانە دڵی من

مەعلومە سیای پەرچەمە وا بەختی سیا کرد
زیننار دوو زولفە کە لەدینی تەوەلا کرد
لۆمەی مەکە گەر ڕووبی لەتاقی کلیسا کرد
بۆ رِەسمی وەفا شێوەیی سەنعانە دڵی من

ئاسوودەو فارغ نەبوو اصلا لەغەمی تۆ
قەت حەرفی وەفای جارێ نەزانی لەدەمی تۆ
چونکی سەری خۆی ناوەتە ژێری قەدەمی تۆ
بۆیە وەکوو زولفی تۆ پەرێشانە دڵی من

پەروانە صفەت کەوتووە سووتاوی چراغە
وەك لالە لەعەشقی تۆ دەروونی هەموو داغە
موددێکە لەهیجرانی تۆ بێمارو نەساغە
بۆیە هەموو دەم تالبی لوقمانە دڵی من

بۆ غارەتی مڵکی دڵی عوشـاقە دیارە
تـابووری غەمی کۆیە زیاتر لە هەزارە
تەسلیمی قەزا لازمە یاران نیـە چارە
چونکی لەسەر ئەم جەمعە قوماندانە دڵی من

دڵ کەوتە خەیاڵات لەبەر خونچەیی لێوی
وەك نوقتەیی مەوهوومە ئەگەر بێ نەبزێوی
بەو فکرە لە باخی سەمەنو سونبولو سێوی
وەك بولبولی بێچارە غەزەلخوانە دڵی مـن

عەبدێکی وەفادارو جەفاکێشە لەهیجران
وا کەوتووە وەك ( صافی ) لەدەرگانەیی گەیلان
بـەم دەردە سەرە کوژتنی لازم نیـە قوربان
لەم جەژنەیی قوربانە کەقوربانـە دڵی مـن

## مـن و دڵ (*)

من و دڵ ئیمڕۆ ئەو شۆخە لە خۆشی یەك بەدەی کردین
لە جامی لەعلی سەرخۆش و مـوقیمی مەیکەدەی کردین
هەتا مەحشەر خـومارو مـەستي نازو نەشئەکەی کردین
بەغەمزەی چاوی مەخموری سیاهی مەستي مـەی کردین
بەماچی لێوی مستغنی لە ئەنواعی مـەزەی کردین

بەئەو یارە بڵێن یاران چیبە سووچ و گوناهی من
نەسیم ئەنگوت و شەو ڕۆیی چەمەن والاّ بوو ماهی من
چ قەوماوە مەگەر قوربان کەوا بەستووتە ڕاهي مـن
ترازا بەندی سوخمـەی ئاڵی گوڵناری بەناهی من
کەچی دەستی لەسـەر دانا لەسەیری باخی بەی کردین

لەبۆ یەك مەرحەبایێ چـوومە لای یارم بەسەرخۆشی
نیقـابی خستە ڕوخسارو بەجارێ کەوتە خـامۆشـی
کەوم دی ڕۆیی ئـارامی دڵ و سـەبرو فەرامۆشـی

---

(*) سێ تاکەکانی پێشەوە هی ( صافی )یە ، تاکی چوارەم هي ( ناری )یەو تاکی پێنجەمینیش هی ( طاهر بەگ )یە .

بە هەوری پەرچەمو زولفی ڕوخو ئەبرۆی کەداپۆشی
لەشەوقی روئیەتی بەدری هیلالی یەك شەوەی کردین

ڕەفیقانم کەسێ عاشق نەبێ لەم سیرڕە نازانی
لەلایێ یار حەیات بەخشو لەلایێ قابضی جانی
لەهەر دوو لاوە تەسلیمم بلێن دەستم بەدامانی

ئەگەرچی کوشتنی خۆ قابض الارواحی موژگانی
بەقانوونی مەسیحای بەخەندەی لێوی حەی کردین

لەبۆ خووێن ڕێژی عوشاقان نیگارم گەرچی بێ باکە
وەلێ ئەی دڵ لەڕووی ئومێدەوە جارێ تەماشا کە
مەڵێ (صافی) زەمان ئاخربوو کەس ئیمدادی کەس ناکا

دەوای دەردی دڵ ( ناری ) لە ( تاهیربەگ ) تمنا کە
بڵێ ئیمڕۆ گوڵندامی بەتیرێ جەرگی پەی کردین

## « چوار خشته کی » (*)

وەرنە تەماشا دۆست و أحباب
ئەو بێ رەحمەي دیم لەموحببان
خەبەری دەردم چەندا طبیبان
دەرمانیان نەکرد زامي غەریبان

بولبول کە دائم بەشین و زارە
حەقیە کەغونچەی لەدەست ئەغیارە
ئەو گوڵ هەموو دەم هەر لەلای خارە
بۆ شەرم ناکا لە عەندەلیبان ؟

بۆیێ لەلای یار من هاوارم کرد
رازی دڵی خۆم پاك اظهارم کرد
دەردەکەی پەنهان عەرزی یارم کرد
چونکی وون نابێ دەرد لەطبیبان

---

(*) صافی ئەم هەڵبەستەی لەدیوانی حافظەوە کردووە بەکوردی وەلەخۆشیەوە خستوویەتە سەری و کردوویەتە چوار خشتەکي .

خووایە شادی بێ بەس بێ غەمگینی
بۆ دڵی موشتاق هەر تۆ موعینی
یارەب ئەو جارەش بیکەی ببینی
چاوی موحیبان ڕووی حەبیبان

قوربان با بەس بي أوقاتی فصلت
لە ڕێگەی خودا بۆ کانی ئەصلت
ئەی شاهی خووبان لەخووانی وصلت
تا کەی هەر من بم لە بێ نصیبان

ئەي دڵ لەم شۆرە قەت نەبووی شەیدا
گەر مەیلت کردبا وەلایی بەغدا
(صافی)ش وەك حافظ کەی دەبوو ڕیسوا
ئەگەر گووێی دابا پەندی ئەدیبان

غونچەیی نەوبەهاری گوڵ دەرچوو لەدەستی باخەوان
بولبولی دەردەداری دڵ زاری گەیشتە ئاسمان

بای خەزانە دەنگ ئەدا گوڵ کە بەزەردی ڕەنگ ئەدا
بولبولە سەر لەسەنگ ئەدا خونچە لەباغدا نەمان

ئەی دڵی بێ قەرارەکەم کەوتە هەوایی یارەکەم
سەبری لەکێوە چارەکەم زەحمەتە دەردی وا گران

دوري فەلەك بەحیلە بوو فەصلی بەهاری بردو چوو
ڕەنگی خەزانی دامە ڕوو جوملە بەڵایی خستە جان

دووریی یاری خونچە دەم خستیە سەر دڵم ئەلەم
وا ئەسەفا لەدەوری خەم دەردی فیراق ئەدا نیشان

هەجرو فیراقی دڵبەرم داویە لەسینە خەنجەرم
شەکوە بەڵایی کێ بەرم ڕوو لەچلا کەم الامان

یادي وەفایی کێ بکەم مەیلی هەوایی کێ بکەم
چارە لەلایی کێ بکەم غەیری خودایی موستەعان

ئەی فەلەکا خەتام نیە کینەبێ تۆ لەمن چیە
زولمی وا کەس نەکردیە دەرهەقي من لە إنس و جان

( صافی ) لەدەردی فیرقەتە چارەبێ حالی زەحمەتە
زامی بەئێش و ئەزیەتە دڵ بەبرین و ئێش و ژان

« و »

حەبیبا دڵ گەلێ بێمارە بێ تۆ
لەبەر دووری لە ڕووح بێزارە بێ تۆ

فەرامۆشی نیە بەو خەڵقە ئێستێ
لەلای نەقشێکی ڕووی دیوارە بێ تۆ

هەموو دەم وا لە گۆشەی بێ کەسیدا
بە شین و زاری و هاوارە بێ تۆ

ئەگەر فەرمووی چلۆن ماوی ئەوێستێ
لە ئەم سەگ مەرگیە بێ عارە بێ تۆ

شەوی هیجران لەبەختی دڵ درێژە
کە ڕۆژی تالیعیشی تارە بێ تۆ

کە شادی دوژمن و غەم دۆستە قوربان
جەفا یارو صەفا ئەغیارە بێ تۆ

غەمی خۆی بەس بوو (صافی) وا ئەمێستێ
دڵی غەمباریشی سەربارە بێ تۆ

لەم ڕۆژە لەعەشقی یار سەودایی سەریکم بوو

ئەمما بەسەبەب ئەغیار بۆ جان خەتەریکم بوو

سەرمەشقی خەت و خاڵی ویردی دڵ و دینی من

بۆ ئایینی شەب خیزی ذکری سەحەریکم بوو

لطفاً چ دەبی جانا ئیمڕۆ کە نەوازیم کەی

دوو نێکە لەباخی ڕووت حصەی ثمەریکم بوو

نەقدی ڕووحەکەم بۆ نارد کالانی وەفاکەی بێ

تۆحفێکی جەفاکەی هات هەر لا زەرەریکم بوو

ئەی کاش شەوی هیجران بوو بە صباح الخیر

چونکی کەلەڕۆژی ڕووی مەیلی نەزەریکم بوو

لەو پەرچەمی شێواوی داوی دڵی داناوە

بەو غەمزەیی دوو چاوی کونکون جیگەریکم بوو

گوڵزارە لەگوڵزاری بۆ خونچە گوڵی زاری

گوڵ کەوتە شەکەرباری وا گوڵ شەکەریکم بوو

نوختەی دەمی موهومە ئەو حیکمەتە مەکتومە

ئەغیار لەوە مەحرومە بەس من خەبەریکم بوو

ڕووی شەمسی شهودەو خاڵ نوختێکی سوەیدایە

لەم دوو ئەثەرە (صافی) نوری بصریکم بوو

ئەو پەرچەمو ئەگریجە هەموو دوژمنی دینە
ئەو زولفو رووە ئافەتی سەر رووی زەمینە

عەشقت لەدڵم ثابتە نەك عارزە قوربان
وەك تورەیی شاهان کە لەسەر رووی نگینە

عالەم چ دەزانی کە ئەمن کوشتەیی کێمە
لەو تیری موژەت زاهیرە دائیم کە بەخوێنە

بێ عارە دڵم چەندی جەفای دەی حەقە ئەمما
جێی رەحمە گوڵم چونکی رەقیب والەکەمینە

دڵ بوویتە کەباب بۆ مەزەی دیدەیی مەستت
قوربان لەوە معلومە کە لێوت نمەکینە

جانا وەرە واغەرقەیی تۆفانی سوروشکم
بێ نوحی وەفات نابێ نەجاتم بە سەفینە

(صافی) کەلەخاکی دەری تۆ دوورە بەقوربان
سەگ مەرگی نەبێ هێندە چلۆن قابلی ژینە

جۆیباری چاوەکانم ڕووی زەمینی گرتووە
بۆیە سەحرای سینەکەم سەبزەی غەمی شین کردووە

ئەی ڕەفیقان مەنعی نالینم مەکەن بێ ئیختیار
حالەتێکە موبتەلایە دڵ لەدەستم دەرچـــووە

ناصحا وەعزی سەبووری دامەدە بێ فایدەیە
من لە مکتب خانەیی غەم دەرسی عەشقم خوێندوە

خۆت ئەگەر بێی بمکوژی خۆشە لەلام ئەمما ڕەقیب
وا دەڵێ مەحبوبە قەتلی تۆی بە گوێی من کردووە

هیچ کەسێ نایێ بە هاوارم لەلای ئەو عالەمە
وا لەبەر نالەو فوغانی من قیامـــەت ڕابووە
دەفعەیێ بۆ سەر نەخۆشانت ئەگەر بێی ئەی طبیب
دەردە دارانت لە خۆشی تۆ شفایان هاتووە
عومرەکەم صرفی وەفات بوو مەرحەبایێکم نەدی
وا دەزانم رووحەم مەیلت لەسەر مـن لاچووە
دوور لەبالای تۆ بینایيم کوێرە هەڵنایێ بەکەس
رۆژو شـەو بێدارە چاوم وا مەزانە نوستووە

حاڵی (صافی) گەر دەپرسی وا لەدەس هیجرانی تۆ
مات و مەبهووتە لە گۆشەی بێ کەسی دانیشتوە

ئەوا غەزوی غەمی بۆ غارەتی دڵ کردە یەلغارە (*)
وەکوو هەیهاوی عارەب سا عەشیرو عێلە هاوارە

مەڵێن دڵ بێ هاوارو ترسەنۆکە با بەتاڵان چێ
لەلای خۆشی عەگیدو خانەدانو یێکە سالارە

ئەما چبکا لە گەڵ بەختی ڕەشو ئەو چەرخی کەچ ڕەفتار
کەسەر عەسکەر بە دائم بۆ سوپای غەم فیرقەتی یارە

هەزاران قۆشەنی غەم بێ بەبێ سەر عەسکەری یارم
دڵی دێوانە هەڵنایێ ئەگەر بیکەن بەسەد پارە

وەلێ بێچارەیە ئیمڕۆ حیمایەی لازمە بۆتان
نەوەك عالەم بڵێ عێلو عەشیرەت بووینە بێکارە

لەبەختی ئێمەدا ئێستێش بە عەیبو عارە وا یاران
خصوص لەم وەختەدا چونکی لەچەند جێوە برینداره

وەفای عالەم نەما غیرەت خەلاس بوو (صافی) ئێستێکە
بە تاقە سووارە دڵ چبکا کەحەیشی غەم بەملیارە

(*) ئەو هەڵبەستە جێگای ئێرەیەو لەلاپەڕە (١٧)ش دا بەهەڵە چاپکراوە.

ئەی پرتەوی رەنگت بەمەسەل عەینی چرایە
وەی حەلقەیی زولفت شەبەهی دامی بەلایە

کردووتە نیشانەی سەری موژگانی خەدەنگت
بۆیێ دلەکەم بێ کەسە لەم گۆشە خزایە

سەودا سەري تۆم مەمخەرە زیندانی جودایی
سندووقی سەرت دەفعەیێ مەیلم کەولایە

بێ یارو دەلیل پا مەنێ رێی عەشقی یاران
چەند سەر لەسەر ئەم رێگە لەسێدارە درایە

پەرواي نیە اصلا لەقصەی زاهیدی خود بین
مەعلومە حەیای عاشقي بێچارە رژایە

گیراوی سەري زولفي تۆ تا مردنە قوربان
چۆن باوەرە حەپسی تۆ کەلەم قەیدە رەهایە

خوێنم برژێ صورەتی ناوی تۆ دەکێشێ
تا نەمکوژی نازانی کە (صافی) بە وەفایە

سیحری دڵی مارِووتە کەشەیدایی عـوزارە
فیکری دڵی هارِووتە کە ریسوایی دیارە

طەنی مـەدە لەو هەستیە لەو مەستیە زاهید
بۆ رەندییی من کافیە ئەو چاوە خـومارە

خۆی ماهە وەیا شاهە لەسەر تەختی جووانی
یا بەدری سەما قەدرە هەموو شەو دەوو چارە

شیرینە لەرِوو چینە کەخوو ێنینە هەموو دەم
بەو لێوو دەمو پەرچەمو بەو پەنجە نگـارە

ئەم نوختەیە خاڵە کەلەسەر عەینی جەماڵە
ئازاری دڵی زاری مـنی کردە هـوزارە

ئەم پەرچەمە پرِ چینە هەموو عەسکەری چینە
بۆ غارەتی مـاچینە کە ئەم چینە سـووارە

(صافی) ئەمە شینی تووە بۆ غونچەیی لێوی
یا چەهچەهەیی بولبولە یا زاری هـوزارە

بەئەبرۆت کوژاوم دڵم پڕ زوخاوە　　برینم دەروونم دووبارە کولاوە
بەو دوو چاوە دڵ کوژاوە　　یار بە قەتڵم ئەمری داوە
لەدامێنی زولفت چ نوورێك عەیانە　　لە ئاخیری شەودا سفیدەی بەیانە
ئەو بەیانە چەندە جووانە　　کوژتمت بەو پەرچەمانە
کەدەورەی لەڕوودا بەدو زولفی خاوە　　سەماهەوری دا گرتو رۆژکەوتە ناوە
لە دوو لاوە لوولوو خاوە　　مارە دەورەی گەنجی داوە
لەعەشقت دوچاوم هەمو دەم بە گریان　　لەتاوت هەناوم هەموو بویتە بوریان
دیدە گریان سینە بوریان　　عاشقی تۆمە بە قوربان
سیوەیل دای لە کولمەی لەگەڵ لێوو زاری　　بەسوورو سپی خونچەیی نەوبەهاری
لەو عوزاري گوڵ دەباری　　چەند شیرینە لێو و زاری

لەچاوی خوماری بزاوت ئەو بە نازە
بە جاری برین هەڵوەشان بوونە تازە

دیدە بازە چەند بە نازە
بمکوژە گەردنت نازە

کەوا خانە وێرانە (صافی) لە دونیا
لەتاوی گوڵی ڕووت بووە شێت و شەیدا

شێت و شەیدا کەوتە دونیا
رەحمی پێکە سالەرێی خوا

# ئەی نیگارا

ئەی نیگارا بەسیە با دەرگەی وەفا بکرێتەوە
تا بەکەی هەر دڵ لەزیندانی جەفا بکزێتەوە

سەبری ئەیوبم لە کێ بوو عومری نووحم چۆن ئەبێ
پێنج و دوو رۆژێکی ماوە روح کە چوو نایێتەوە

ئەر لەرووی رەحمە وابێ یا بەعەزمی کوژتنم
ئەی موسوڵمانان رجا کەن تۆ خودا یار بێتەوە

پەردەیی روو هەڵگرە جانا وەفای تۆ سەبری من
وەك حەیایی عاشقان قەترێکە با نەتکێتەوە

دڵ لە قەیدی زولفەکەی هێندە پەشێوی دیتووە
تا نەفەس ماوە مەفەرموو جارێ تر ناسێنەوە

رۆژی هیجران تارییە یاخۆ شەوی بەختی منە
یا لەسەر رووی زولفی شێواوێتی دڵو دەخولێتەوە

(صافی) بەدمیهری زەمانو قسەیی رۆژی وەفا
لێم مەپرسە تۆ خودا با زامی دڵ نەکولێتەوە

پەرێشانیم لەحەد دەرچوو رەفیقان چار هەر ئەو جارە
لەدەردی دووری ئـەو شۆخە دڵی زارم بە ئازارە

ئەوا تابووری غەم ئامادە بوو بۆ سەر دڵی مەحزون
ئومێدی عەیش و شادیم چوو فیراقی یار قـوماندارە

ئەگەر خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆم دابکەم هێشتا
لەچاوی بەختی بێ بەختم کەمە ئەی خوایە هاوارە

عیلاجی دەردی بێ دەرمانی من ناکرێ بەهیچ لوقمان
مەگەر شۆخی وەفادارم دەوا کا ئـەو برینـدارە

دوعای دەردم دەکەم هەردەم لەدەردی فیرقەتی جانان
بەڵێ چی دیم لەدەست نایێ گیانم سەخت و بێ عارە

وەرە (صافی) بکە تەرکی هەوای دونیایی هیچ و پووچ
بە اخلاص روو لە بەغدا کە مـەڵێ بەختم نیگونسارە

---

جەمعی عوشاقان مەکەن لۆمەم کەوەختی زاری یە
نەشتەری دووری حەبیبم وا لە جەرگم کاری یە

مەنعی ئاھ و ناڵەیی من بۆچی‌یە بێ ئیختیار

واڵەبەر زامی لەگۆشەی سینەکەم هاواری‌یە

یار یەدي بەیضای هەیە هات‌و تەلیسمی دڵمی بەست

بەو هەمو و اعجازە وا مەیلی لەجادوو کاری‌یە

مەزرەعەی دڵ تۆیی شادی قەت مەفەرموو شین دەکا

تا لەهەوری بەختی من دائم بێ ئەو غەمباری‌یە

وا حەیاتم بێ سەبەب قەیدی حەیاتی کردووم

شیوەنی رووحە عەزیزان قەیدی من یەکجاری‌یە

شەو بەبێ شەمعی روخت پڕ زوڵمەتە خانەی دڵم

رۆژ بەبێ رۆژی جەماڵی تۆ سیاە و تاری‌یە

نەقشی زاری لێوی ئاڵت نایەتە جەدوەلکەشی

مانی چینیش وا تەحەیور ماوە لەو پەرگاری‌یە

چونکی موددێکە لەیاری باوەفا دوور کەوتووم

قووتی شیرینم دریغا وا لەژەهری ماری‌یە

( نزهەتا ) سا دەردی ( صافی ) هەر لەدوو لا دێ شفای (*)

یا بەوەصلی رووی یارە ، یا بەلوتفي باري‌یە

---

(*) صافی لێرەدا وەلامی ( نزهەت )ی داوەتەوە کەبۆیێکی رەواندزی بوە

دەردی دووریم چەشتوە ژەهری فـراقم نۆشی‌یە
بۆیێکە خۆشیم نەخۆشی‌و نەخۆشیم خۆشی‌یـە

ئاشی بەختم باوی غەم گەردوون دە گێڕێ بۆیە وا
مایەیی عومرم بەلاشەو وا پـەلاسم پۆشـی‌یە

رۆژ لەفیکری عارزی خۆراکی من خـوێنی دڵـە
شـەو بە یادی زولفەکانی نوستنم بێـداری‌یـە

دڵ نەفامـە گەر بلێ عەقڵم بۆ لای لەیلا دەچم
هەر بە مەجنونی دەگا پێ‌ی قورِ بەعەقل‌و هۆشیە

ئاسنی سـارد بوو لەپێش‌دا دڵ لەبێ یارو کەچی
گەرچی ئێستێکە لەکورەی عەشقی دائم جۆشی‌یە

وا بەهار هات صوفی اصـلا ساجلی ناوی کەچی
بۆ ڕیا بەرمارەکەی دائـم بەشان‌و دۆشـی‌یە

شەڕ لەگەڵ بەختی بەدو چەرخی کەچ‌و دونیایی دوون
مەیکە (صـافی) نەفعی وان نابی بەسەعی‌و کۆشی‌یە

دڵبەرا دڵ بێ قەرارە چاوەکانم گریە بارە
سینەکەم هەر داغدارە یاریەکەو غەم سەد هەزارە

مورغی دڵ بۆت کەوتە داوە عەقڵ و هۆشم پێ نەماوە
بۆیێ سەرتاپا سووتاوە دڵبەرا دڵ بێ قەرارە

دۆستان بۆم کەن دوعایە زامەکەی دڵ پڕ جەفایە
قەت خەیاڵ ناکەم شفایە دڵبەرا دڵ بێ قەرارە

جارێ ناپرسی لە حاڵم عاشقی نووری جەماڵم
کەی دەبێ یارەب ویساڵم ؟ دڵبەرا دڵ بێ قەرارە

کەی دەبێ خۆت بێ بە لامان ؟ دڵبەری شۆخی خەرامان
تا بگا دەستم بە دامان دڵبەرا دڵ بێ قەرارە

( صافی ) بۆت بوو شێت و شەیدا دڵ بەدەردو سەر بەسەودا
ڕەحمەکی پێ بکە لە ڕێی خوا دڵبەرا دڵ بێ قەرارە

دڵبەرا دڵ بێ قەرارە چاوەکانم گریە بارە
سینەکەم هەر داغدارە یاریەکەو غەم سەد هەزارە

دووبارە چەرخی کەچ رەفتار بە کینەی من هەڵستاوە
چسووچی من نیە وا خووی بەدی هێشتا لەسەر ماوە

ئەسەللای عاشقان چۆن دێ لەدەورانی فەلەك هەیهات
کەئەم ئاشووبە ئێستێکەش لەبەینا صلحی نەکراوە

بیناییم کەم بووە یا رۆژی هیجران تاریە یاران
سیایی تالعی عوشاقە یا زولفی پەشێواوە

شەوی فیرقەت گەلێ توولا نیە خۆم ناخەوم ئەمما
کەچبکەم بەختی بەد هەڵناستی دائم هەر لەخەو ماوە

وەکوو عارەب کەدەستو دامەنی ئێوەم عیلاجێ کەن
دڵی قەقنەس میسالم والەکوورەی سینە سووتاوە

لەدەست تابووری غەم ئێستێش ئەسیری دڵ بەمظلومی
وەلێ چبکا قوماندانی فیراقە ئەمری واداوە

لەلاییکی جەفای یارو لەجاییکی بەڵای ئەغیار
رەهایی زەحمەتە ( صافی ) چلەم لاوە چ لەولاوە

شێفتەی نووری جەماڵم ماهی تابانم وەرە
ئارەزووی شەهدی ویصالم جانی جانانم وەرە

رۆژی عیدە چاوەڕێتم بێ‌ی بەقوربانم بکەی
کوشتنیێنت رەحمەتە سەد جار بەقوربانم وەرە

بێ دەوایی وەصلەکەت دەردم عیلاجی ناکرێ
دەردی بێ دەرمان هەتاکەی ؟ دەردو دەرمانم وەرە

من غەریبی تۆمە ئومێدم بەهیچ دەرگانیە
چاوەڕێی احسانی تۆمە شای غەریبانم وەرە

وا دڵ و دینم لەڕێی عیشقی تۆ فەوتا چاوەکەم
خۆشی رووی تۆم کافییە بۆ نووری ئیمانم وەرە

بۆ هەواڵ پرسی نەخۆشی خۆت چیە گەر یەك دەمی
یا لەبەر خوا یا لەبەر رەغمی رەقیبانم وەرە

کەوتمە ئێو حاڵی هیلاکەت والەدەردی دووری تۆ
مەمکوژە بەو دەردە سەد جار دەست و دامانم وەرە

ئاوری عیشقت وەهای سووتاندوە کۆگای دەروون
من غەریقی مەوجی خوێنم سینە بوریانم وەرە

(صافی) تا ڕۆژی قیامەت هەر دەناڵێنی و دەڵێ
تا نەفەس ماوە لە قەلبم یاری پەنهانم وەرە

---

عارزی یارم گرۆی حوسنی لە گوڵشەن بردەوە
بۆیێ گوڵ خاری خەمی سەرتا بەپا دەر کردوە

گریەوو زاریم لەگەڵ بولبول قیامی ناکرێ
چونکە تا مردن دەناڵم مـن بەئێش و دەردەوە

قاصیدێ گەر بێ لەتۆ بێنێ سەلامو بێتەلام
ژێری کەوشی ماچ دەکەم قوربان بەتۆزو گەردەوە

ئێشی زامم والەبەینی عالەما مـەعلوم بووە
گەهـ لەخوێنی چاوەکانو گەهـ لەرەنگی زەردەوە

سەر بەزانووی جەفا جانا لەهیجران تابەکەی
دەستەو ئەژنۆ دابنیشم بەو هەناسەی سەردەوە

دەردی من بەو چاوی بیمارت ئەگەر دەرمان نەکەی
چۆن بەئومێدی شفا بم لەو دڵـەی وەك بەردەوە

گەر بڵێن (صافی) لە عەشقی لەیلەکەی کوێی جێگەیە
تۆ بڵێ مەجنون صفت رووی والەچۆڵو هـەردەوە

قەدی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی تووە
باخی سێو و خۆخ ئەگەر بێ نەو گوڵستانی تووە

زینەتی غیلمان و حۆری حوسنی تۆیە دڵبەرم
( جنة الماوى ) ئەگەر بێ تاقی ئەیوانی تووە

واکەمەولا وەصفی تۆی کردووە بەلەولا رووحەکەم
عالەم و ئادەم چ یارایی ئەنا خووانی تووە

ئاسمان حەسرەت لە بۆ ئەرزی دەکێشێ دائما
چونکی بورجی رۆژ و مەه چاکی گریبانی تووە

سەیری ( سبحان الذی اسرى ) نیشانەی شاهیتە
تووڕەیی خەتمی ریسالەت مۆری فەرمانی تووە

رازی ( لي وقت مع الله ) خاصی تۆیە ئەی حەبیب
عاصیان بۆیە ئومێدی حەشر و میزانی تووە

خاکی ژێری نەعلەکانت کوحلی ( ما زاغ البصر )
تووتیای چەشمی بەسیرەت گەردی دامانی تووە

خەڵقی ئەرواحی هەموو عالەم نەتیجەی حوبی تۆن
ئەی هەموو ئەرواحی عالەم بێ بەقوربانی تووە

(صافی) بێ سەرمایەیی تەقوا لە کونجی موفلیسی

چاوەڕۆڕی گەنجی لوتفو نەقدی احسانی تووە

کەزولفی عارضی داگرتو ڕۆژی ڕوونی کرد ئاوە

عجب سیرێکە لەم کوفرە کەئیمانی لەنێو داوە

لەدەرگانەت ئەگەر دەستم کەوێ خاکی بەسەرما کەم

لەلای خۆم قیبلەکەم تاجی کەیانم والەسەر ناوە

لەرووی رەحمەوە جارێ بنۆڕە حالی موشتاقان

کەنالەی وان بەسانی نەفخی سوورو حەشرە روویداوە

لەهیجرانی گوڵم جانو دڵم غارەت بووئەی یاران

لە جسمم گەر دەپرسن وەك موقەبا ئێستەکەم ماوە

لەشەرقی شەوقی وەصلت ڕۆژی عومرم واغروبی کرد

لەمەولا چۆن ئەبێ ژینم کەوا مەحشەر هەڵستاوە

لەبەحری عەشقی اظهاري غەواصیم کردونەحزانی

هەزار غەواصی وەك من لەو عەمیقی گێژە داماوە

نیگار فەرمووی لەعەشقی خۆمە (صافی)م کوشتبوو ئەمما

موحەیەر مام چ سەگێ مەرگێکە ئێستاکەش دەڵێن ماوە

لە تاوی ئاوری دووری هەمیشە سینە بوریانە
لە عەشقی چاوی مەخمووری بەدائیم دیدە گریانە

چ لێ بکەم نەقدەکەی رووحم نەبێتە صرفی رێ ی قاصد
خەبەر بێنێ بڵێ بۆ کوژتنت یار دێتە ئێرانە

بەیادی چاوەکانی بوو کەدڵ شەیدایی بۆ روودا
لە قەیدی زولفەکانی وا ئەسیری حەپس و زیندانە

شفایی زەخمەکەی دووریم بەغەیری یار بەکەس نایێ
چ یارای عەقلی ئەفلاتوون چ جێگەی فیکری لوقمانە

تەحەیور مام چلۆن رێگەی درا زولفی لەسەر عارض
نەجێگەی کافرە جەننەت خیلافی شەرع و قورئانە

لەسەر صەفحەی جەمالی یار بەخەتی زولفی نووسرابوو
لە رێ ی عەشقا موسوڵمان کافرە کافر موسوڵمانە

عەجائب خاتەمێکە لەعلی لێوی یارەکەم بۆیێ
لە دەرگانەی سولەیمان ئاسەفە، ئاسەف سولەیمانە

ئومێدی زۆر هەیە (صافی) نەجاتی بێ لە غەم چونکە
دەلیل مەولاو و ئەحمەد یاوەرو یار بازی گەیلانە

لەتاوی چاوەکەی مەستت دوو چاوم پڕ لەخوێناوە
حەنایی پەنجەکەی دەستت بەخوێنم ڕەنگی هێناوە

ئەوەی دەردی فیراق پێی کردووم ئەصلا بەیان نابێ
لەنێو ئیسلامەوە نەبووە لەلای کافر نەقەوماوە

هەتا مردن بنالێنم لەغەم تەسکینی دڵ نایە
لەسۆزی فیرقەتی جانان وەها مەفتونو شێواوە

دەوای وەصلی نەبێ أصلا شفای دەردی دڵم نایێ
لەڕێگەی خوا عیلاجێکم بکەن تاکوو نەفەس ماوە

بڵێسەی ئاوری دووریت وەها جسمی منی سووتاند
بەدائیم دووکەڵی ئاهم دەچێتە عەرشی ئەعلاوە

لەبەد بەختیمە بۆیە لەیلەکەم بێ مەیلە دەرحەق من
سەبەب طولی شەوی هیجرانە تالع هەر لەخەو ماوە

لە (صافی) گەر دەپرسن بۆچی وا پەژموردەیە ئێستێ
لەخزمەت یاری دوورە بۆیە وا غەم دەوری لێ داوە

لۆمەم مەکەن ئەی یاران ئەم عەشقە بەڵایێکە
لەم حاڵەتە نازانن بۆ دڵ چ جەفایێکە !

گەه شادی و گەه شینە گەه خەندەوو ناڵینە
جوملەی ڕەنگ و بۆیی دڵ هەر لەحظە هەوایێکە

گەه عاقڵ و فەرزانە گەه واڵەو حەیرانە
ئایا دڵی دێوانە جێگەی لەچ لایێکە

کەوتووتە پەرێشانی طفڵێ بوو کە نەیزانی
یاران چ بە دەرمانی چارەی لەچ لایێکە

ئاخر بەدڵی شەیدا پێم گوت کە ئەتۆی ڕیسوا
لەم شۆرە کەتۆی تەنها وا بۆ تۆ خەتایێکە

پەیغامی دڵم زانی گوتی تۆ موسوڵمانی
لەم عەشقە کە نازانی تۆ بەحسی چ گیایێکە
تۆ ناصحی نادانی بەو عەقڵە پەرێشانی
ئەو کوفرو موسوڵمانی/ گشتی لەهەوایێکە

ئەم سیررە بە پەنهانە تۆ عالەمی عیرفانە
تۆ خۆت مەکە دێوانە هەر قالو بەلایێکە

ئەو عالەمە نەیرەنگە دەبینی کە چەند دەنگە
سەر پاکی جودا رەنگە لەو باووکۆو دایکە

هەر کەس کەلەهەر جێیە هەر یێکە بە نەوعێیە
هەر سەر لە هەوایێک و هەر سینە سەدایێکە

ویش قودرەتی عظمایە بۆ معرفة اللهیە
ناسینی لە ئەو دایە زانینی سەفایێکە

ئەوجا وەرە گەر یاری واز بێنە لە عەیاری
تەرکی کە ریاکاری دونیا کە هەبایێکە

دونیا کە وەها خۆشە جێی عالەمی بێ هۆشە
ژەهرێکە تۆ مەینۆشە دەورانی فەنائێکە

هەر حیلەو و ئەفسوونە جێی عالەمی مادوونە
تۆ مەیگرە ئەم دوونە، تێک چوونی بە بایێکە

من چەندە کە نادانم یا عاقلو چیا زانم
غەیری ئەمە نازانم بە خودا کەخودایێکە

یا رەب تۆ بە ذاتی خۆت بەو سیرری صفاتی خۆت
لەو عەبدی عصاتی خۆت رەحمێک و عەتائێکە

یا ڕەب کە تۆ غەفاری، لەو ئومـەتە مـوختاری
عەفوی کە گوناهکاری لای تۆ پەڕە کاییکە

دڵ ئومەتی مـوختارە هـەرچەندە سیاکارە
عەفوي بکە غـەفارا شایانی عەفاییکە

ئەی سـەروەرو سـەردارم وەی خاتەمو مـوختارم
هـەرچەندی خەتابارم ئەما تۆو وەفاییکە

بۆ شافعی خاصی تۆ لەو بەحرە غەواصی تـۆ
ئەو ئومەتی عـاصی تۆ چاوی لە رەجاییکە

ئـەی شاهدی بەغدایی تـۆ مەلجەئو مـەئوایی
هەر دەم دڵی سەودایی محتاج بە دوعـاییکە

ئوستادی و پیري تۆ هەم شاهو ئەمیری تـۆ
موددیکە فەقیری تۆ حاجەت بە سـخاییکە

مەنوارە وەفایی من بنوارە جەفایی مـن
عالەم لەسەدایی من هـەردەم لەجـەزاییکە

ئەی شاهی لە هیرانی مأذونی لە گەیلانی
حەقا کە سـلیمانی دەردم تۆ دەواییکە

ئەی جەددی وەفادارم ئەی سەروەری هوشیارم
بنوارنـە ئـازارم تەدبـیری چ راییکە

ئەی (صافی)ی هیرانی ئەولادي عەلیو ئانی
چارەت لە پەرێشانی دەرگانەیی شاهێکە

---

من کەوا مەحرومی یارم پادشاهیم بۆ چیە؟
وا بەدەردي وي گرفتارم ژیانم بۆ چیە؟

نیعمەتی دونیا بەمایە کەی حیسابە بۆ دڵم
بێ مەتاعی چاوەکەی سوودو زیانم بۆ چیە؟

نامەوێ باخی وەنەوشەو سونبولو ڕەیحانو گوڵ
خونچەیی لێوی نەبێ باخی گوڵانم بۆ چیە؟

نامەوێ ئەسلا ژیانی خۆم بەبێ دوو لێوی یار
ئاوی حەیوانم نەبێ ڕوحی ڕەوانم بۆ چیە؟

خاکي بەر دەرگانەکەی سەد باخی فیردەوسە لەلام
ئاستانەی ویم نەبێ قەسری جینانم بۆ چیە؟

گەر غولامیم پێی کەرەم کا پادشاهیم کەی دەوێ؟
جێیم لەبەر دەرگانە بێ ڕوتبەو نیشانم بۆ چیە؟

چم لەجێی عیسایی مریەم (صافیا) بێ وەصڵی یار
ڕوتبەیی ئەعلا مەقامو لامەکانم بۆ چیە؟

یاران کوژراوی نازم صبرم لە دڵ نەماوە
عاشق بەچاوی بازم کەی رووی دەکا بەم لاوە

ئازاری دەردی دووری پەنهان نابێ لە سینەم
ناڵەو فوغانی مـن وا لە گوێی عالەم گەڕاوە

دوودی ئاهم بەدائم دەچێتە چەرخی گەردوون
بە ناری عەشقی جانان جەرگم وەها سووتاوە

تا حەشری خاک وەسەر کەم تەسکینی قەلبم نابێ
بای سەبا مەگەر بێنێ خاکی لە دەری بەغـداوە

گەرچی لە نەقصی خۆمـە بێ ئیلتیفاتە یارم
ئەما لەدەرگەی رەحمەت عاصی کەی دەرکراوە؟

هەرچەند عەجزو مەرارەت هموم دێنی لەهیجران
ئومێد وایە لەلای یار کە بەس بێ لەمـەولاوە

(صافی) لەبەر دەرگانەت کەوتە سەر خاکی زیللەت
چاوەڕێی لوتفی تۆیـە جانا لە ڕێی خـوداوە

سیحری دڵی مارِووته کەشەیدایی عوزارە
فیکری دڵی هـارِووتە لەرِیسوایی دیارە

تەعنەی مەدە بەو هەستیە لەو مەستیە زاهید
بۆ رِەندیی مـن کافیـە ئەو چاوە خومارە

خۆی ماهە ودیا شاهە لەسەر تەختی جەوانی
یا بەدری سەما قەدرە هەموو شەو دەوو چاوە

شیرینە لەروو چینە کە خوویّنینە هەموو ددم
بەم لێـوو دەمو پەرچەمو بەو پەنجە نیگارە

ئەم نوختەیە خاڵە کەلەسەر عەینی جەماڵە
ئازاری دڵی زاری منی کـردە هەزارە

ئەو پەرچەمە پرِ چینە هەموو عەسکەری چینە
بۆ غارەتی مـاچینە کە ئەم چینە سـوارە

(صافی) ئەمە شینی توون بۆ خونچەیی لێوی
یا چەهچەهەیی بولبولە یا زاری هوزارە

(( ی ))

خودا ڕەحمێ بەحاڵم یار ئـەوا بردی بەدڵمایی
لەسەر هۆش و لەتەن تاقەت لەدڵ سەبر و شەکیبایی

لەلایێ ئارەزووی وەصل و لەلایێ دڵشکستی یار
گوریس ناگا بەیەک لا چۆن ئەگا گەر بێ بەدولایی

ئەلەو جێگای غەریبیم دێ تەسەلاو ئەوەتەن ئارام
چ چارەی دیکە شک نابەم بەغیری شێت و شەیدایی

کە هەرچییەکم بەسەرهات لەو وەفای دڵ بوو جەفای یار
لەناو ئەم هەردوو لاوە خوێنەکەم واچوو بەخۆڕایی

دەزانی بۆچی گۆشەی بێ کەسیم گرتووە لەدووری یار
خەیاڵی ئەو ڕەفیقەی بوو دڵی ریسـوا لەتەنهایی

ئـەلا ئەی دۆستانم داستانی دڵ تەواو نـابێ
مەگەر ڕۆژی جەزا بێتن لەخزمەت شاهی مەولایی

هەوایی لەیلەکەی بێ مەیلەیە دڵ والەیە (صافی)
سیاخانەی دەروونە شۆڕشی مەجنونی سـەحرایی

ئەی موتریبی حەریفان دەست کەن بە نەغمە خوانی
ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفع ئەکا غەمانی

بەزمت شیفایە سادەی بۆم لێدە بەربەتو نەی
ئەو دەردی دڵ هەتا کەی چی ماوە عومری فانی

موتریب بە سازو ئەی بێ ساقی بەجامی مەی بێ
تا عادزی مە تەی بێ روو کەینە شادمانی

رەنگو هەوایی تۆیە دەنگو سەدایی تۆیە
کەیفو سەفایی تۆیە بۆ عەیشی جاویدانی

با ساقی روو لەمەی کا بێ دەفعی ئەو غەمەی کا
جەمشیدی جامو کەی کا؟ کێ دای ئەمانی مانی

بۆم لێدە چەنگو عودە، رەمزە لە یاوەدوودە
با کوورە بێ حەسوودە ئەم سیرە با نەزانێ

ساقی لە دڵ حەزەر کە چارەم لەدەردی سەر کە
جارێکی یەک نەزەر کە بۆ (صافی)ی هەیرانی

ئەمان لۆمەم مەکەن یاران منی کوژت هیجری لەیلایێ
لەبەر ئەشکی دوو چاوانم رژاوە نووری بینایی

ئەوا جەیشی فیراق خوێنی ڕژاندووم دەرچوو لەم ناوە
دەخیل شاهی ویسالێ تۆ مەیڵە خوێنم چی بەخۆڕایی

لەلای خۆم احترازم گرت لەناری دووریی جانان
لەناکاو شوعلەوەر بوو دڵ سووتا پەروانە ئاسایی

لەبەینی ئێمە شەرت وابوو جودایی یەکتر نەکەین هەرگیز
وەفای عەهدت نەبوو قوربان بەجێت هێشتم بەتەنهایی

بەئومێد دانەیی خاڵی لەبی جانانە مشغول بووم
کەنەمزانی لەناکاو هاتە ئەستۆم دامی ڕیسوایی

غەریب و ناتەوانێکم ئەوا هاتوومە دەرگانەت
بەسەهلی ناڕوا قوربان ئەگەر خۆت نەی لەهانایی

ئەگەر ( صافی ) مەرامت هاتنەوەی یارە بڵێ دائیم
مەدەد یا مستەفای شامی دەخیل یا شاهی بەغدایی

جانا بەسە بێ مەیلی دەمێ رووی وەفا بێ
تا چەندە دڵی زار بە ئازارو جەفا بێ ؟

نائیبی خەیاڵی تووە غـەم بۆیێ لە دڵ دا
غارەت گرە بۆ عەقلی منی خانە خـەرابێ

هەرچی لەتەرەف تۆوە بەسەرما بێ بەقوربان
پێم خۆشە بەلا بێ لەدلا گەرچی بەلا بێ

خاڵی نیـە ئەسلا لە تەجەللایی جـەماڵت
هەرچی لە سەراتا بە سەما جیلوە نوما بێ

شەئنی تووە بۆ جیلوەیی مەعنای هەموو عالەم
لاهووتی و ناسووتی یە گەرچی لە حیسابێ

خاڵی لە حیمایەت نیـە بـۆ عاشقی مەهجوور
خۆی دێتەوە هەر چەندە خەتا بی بەخەتا بێ

ئیسباتی وجوودی تووە ئەرواحی فەریقەین
تەصدیقی ( ألست ) چ ( نعم ) بێ چ ( بلى ) بێ

جوزئیکی سیفاتە دوو جیهان ئەوەل و ئاخر
سیرڕێکە لە ذاتە چ خەفا بێ چ جـەلا بێ

( صافی ) بە ئومێدی تووە گەرچی لە حیسابت
رووی مـەعزەرەتی زەردە بفەرموو لە چلا بێ

دڵم پەژموردەیە ئێستێ دەخیل موتریب سەدایێ بێ
لەدەست هیجرانی یارم نیو نەفەس ماوە وەفایێ بێ

لەباتی شادیو خۆشی گەلێ بێمارو خەمناکم
مەگەر بەم لاوکو حەیرانو نیوە شەو بۆم شفایێ بێ

غەمی هیجرانی تا کەی بێ سەدای نەی موتریبا سادەی
بەیاتو شۆرو ماهوریو قەزازو دەستگایێ بێ

بەبێ ئاوازی تۆ ئەسلا نیە چارەی دڵی شەیدا
دەخیل دەنگی سەبا راستو حیجازو چارگایێ بێ

لەپاش مردن وەصیەت بێ لەجێی یاسینو تەلقینم
سەدای دیوانو عورفاو دەنگی کوردانیش لەدوایێ بێ

بەدەستی ئەی حەبیبە گەر ئەمن مردم شەهیدێکم
گەواهیم خووێنە فەردا ناهەقە کەس ئیدعایێ بێ

رجا کەن تۆ خودا یەك دەم کە یار بێتە سەرینی من
بڵێ کوژتەی منە (صافی) ئەگەرچی بێ خەتایێ بێ

سەبەب چیە ئەی دڵی دێوانە دووبارە پەشێواوی
لەعەقڵ و فەهمەوە دەرچووی لەعەیب و عارە واماوی
مەگەر مەحکومی یاری یالەبەر ئیعدامی ترساوی
وەکو کوشتەی قەساب ئەی دڵ چیە واغرقی خوێناوی
لەگۆشەی بێ کەسی دائم لەغەمدا مات و داماوی

لەموڵکی حسن و ئیقلیمی مەلاحەت تاکە ئەم شۆخە
عەجائب شاهو عارز ماهو تینەت پاکە ئەم شۆخە
دڵا سەد کوشتەی وەك تۆی لەژێرپێی خاکە ئەم شۆخە
ئەگەر فەرمووی لەقەتلی عاشقان بێ باکە ئەم شۆخە
هەزاری کوژتووە وەك تۆ قەدی لاو لاوی و لاوی

بەحەلقەی زولفەکەی یارم عەجائب داوی داناوە
بەدانەی خاڵەکەی سەر ڕووی فریبی عالەمی داوە
لەوەحشەت بوو کەتەیری دڵ بەنێو یا هات و تێ ماوە
چ صەیادێکە سەد وەحشی لەچینی پەرچی پێچاوە
خەلاصی تۆ نیە ئەی دڵ لەداوی زولفی باداوی
لەسەر صەفحەی شەهیدانە لەسایەی عەشقی تۆ ناوم
بکە رەحمێ بەمن قوربان بەغەمزەی تۆیە کوژراوم

له ڕووبی دۆستی جارێ بنۆڕە ئەشکی خووێناوم
ئەگەر فەرزا عەدو بێتن ببینی چارەیی چاوم
لەبۆ من خووێن دەبارێنی لەسەر دوو چاوەیی چاوی

دڵا بۆچی دەوام ناکەی لەعەشقا هەرچی تووشت بوو
گوتی چبکەم کەشێواوم بەسیحری چاوەکەی جادوو
لەپیری عەشقەوە پرسیم ئەویش دووبارە وای فەرموو
دڵا دێوانەیی خۆتە کەیار بێ مەیلە دەرهەق توو
وەئیللا ئەو لەسەر ئەو عەهدە ماوە تۆ ئەگەر ماوی

لە تەصویری برۆی باجەدوەلی نەقاشی چین دەرچی
لە تەرزی قامەتی بەرزی قەدی شمشادو عەرعەرچی
لەوەسفی ئەو خەت و خاڵی تەواو بو عمرەکەم گەرچی
لەتەعریفی بڵێم چی با قەلەم دەرچی بڵێم هەرچی
تەواو نابی بەچی ئەوسافی پێچی پەرچەمی خاوی

لەدەردی بێ دەوا بوویمە غەریب و شوهرەیی شاران
دوعامان بۆ بکەن ئێوەدو خودا زومرەی وەفاداران
لەراستم گوێ مەدەن بەقسەی رەقیب و قەولی بەدکاران
مەڵێن (صافی) کەئێستێکە لەیادی یار نیە یاران
لە دڵدا فیکری دڵدارو لەناوی ذکرە کا ناوی

شادیی قەلبی حەزینم نووری چاوانم ئەتۆی
مەرهەمی زامو برینم دەردو دەرمانم ئەتۆی

وا لە تاریکیی فیراقت ڕێگەکەم وون کردووە
شەمعی بەزمی جانو دڵ ماهی درەخشانم ئەتۆی

گەر بەدەستی خۆتەوە قەتلم بکەی مەمنونی تۆم
سەد ئەوەندە موستەحەقم قاتلی جانم ئەتۆی

وا لەبەر بێ هەممەتی خۆم خستە گۆشەی بێ کەسی
دۆستی یاری بێ کەسانو دڵ غەریبانم ئەتۆی

سجدە گاهی میهرەبانە خاکی بەر دەرگانەکەت
پادشاهی دڵبەرانو شاهی خووبانم ئەتۆی

دەربەدەر خووێنین جیگەر ئاوارەیی یارو دیار
دەردمەندو خەستە دڵ مەعلومە لوقمانم ئەتۆی

وا لە تاو زوڵمی فیراقت بێ هەواڵو بێ مەکان
هاتمە بەر دەرگای عەدالەت شاهو سلطانم ئەتۆی

بەختی بەد نەیهێشت لە عەهدی تۆ بەکامی دڵ بکەم
جانی من صاحب وەفاو عەهدو پەیمانم ئەتۆی

(صافیا) سا عاشق‌و دێوانه‌وو حه‌یرانی تۆم
ڕێی موسوڵمانی چ لێ بکەم نوری ئیمانم ئەتۆی

---

عه‌زیزێکم هه‌یه ئیسم‌و به جیسما یوسفی ثانی
هه‌زاری وه‌ك زوله‌یخا حه‌پسی نێو چاهی زه‌نه‌خدانی
له‌سه‌د فرسه‌نگه‌وه بۆ چاوی نابینا ضیا به‌خشه
هه‌زارانی وه‌کوو (یه‌عقوب) له‌بۆنی عه‌تری زولفانی
له‌نێو خاکی عه‌جه‌م تاکوو عه‌ره‌ب سه‌ر حه‌ددی ڕۆم‌و کورد
شه‌هی وا نابێ ئه‌صلا صاحیبی مۆری سوله‌یمانی
به ئینساف گه‌ر ته‌ماشاکه‌ن سه‌راپا عه‌یبی لێ نابێ
جه‌مالی یاری من بوو ئه‌هلی دڵ گه‌نجێکی په‌نهانی
له‌بۆ فه‌رمانی یارم هه‌رچی گه‌ردن که‌چ نه‌بێ یاران
له‌ژێر پێی جه‌هله‌وه سه‌ر داده‌نێ وه‌ك شێخی سه‌نعانی
مه‌تافی سالیکانو ڕه‌ه نماو که‌عبه‌یی عوشاق
ده‌رێبازی خووا کانی وه‌فا سوڵتانی گه‌یلانی
ئه‌گه‌ر سوڵتانی دونیا بێ گه‌دای ده‌رگانه‌که‌ی تۆیه
به‌نازی خۆت نیازی پێ که‌ره‌م که‌ی (صافی) هیرانی

# پینج خشتەکی

نیگارا روویی رەحمێ گەر لەسەر ئەو عەهدو پەیمانی
دڵی بێچارەکەم مـــەعلولی تۆیە چی لە لوقمانی
وەرە بەشقی خـودا یا بیـــکوژە یا بیکە دەرمانی
فیدات بێ ئەو روحی شیرین هەتاکەی دڵ پەرێشانی
بەلایێ وات بەسەر هێنام چ کەس دەرمانی نازانی

لەعەهدی بێ وەفایی بوو وەها مەنفووری تۆیە دڵ
لە رەسمی پڕ جەفایی بوو کەوا مەهجوری تۆیە دڵ
خودا هەڵنا گرێ جانا پەشێوی دووری تۆیە دڵ
زەمانێکە لە گۆشەی بێ کەسی رەنجووری تۆیە دڵ
حەبیبم کەعبە کەچ نابێ ئەگەر خۆت بێیە سەردانی

لە نەقشی عارزت حـــەیرانە دائم مانی چینی
لەسەر روو پەردە بەس لادە هەموو شەخسێ کە نەت بینی
لە دڵ سـەبرو لە تەن تاقەت لەسەریا عەقڵ نامێنی
کەسێ بەم عەسرە نەیدیوە بەشەر وەك تۆ بە شیرینی
تەحەیور ما لە تەصویرت ئەگەر نـەقاش ئەگەر مانی

له فەریادم وەرە ئەی گیانی شیرین ڕۆژت ئەوڕۆیە
دڵم مەشکێنە بەستەی زولف و خەستەی پەرچەمی تۆیە
لە تفلی عەبدی تۆم ئێستێش لەبۆ تۆم شین و ڕۆ ڕۆیە

لەمنداڵی‌یەوە تەوقی بەندەگی تۆم هەر لەئەستۆیە
وەکوو قومری دەناڵێنم عەزیزان دڵبەرم کانی ؟

لە قەلبم تا ڕەمەق ماوە وەرە ئەی جانی شیرینم
تەرەحوم کە بەسەرما ڕابرە تێ فکرە ناڵینم
لە نەزعا فائدەی نادا دوعای تەسکین و ئامینم

وەرە سەر چاوەیی چاوم بنۆڕە سەیلی خوێنینم
قیاسی ناکرێ ئەصلا لەحەوزو جۆگەوو کانی

لە دەردی دووریی یاران نەما ئارام و تەسکینم
وەرن ساتێ لەڕێگەی خوا بپرسن گریەوو شینم
نەجاتیم دەن لەئەم دەردە بەمردن یا نەخۆ ژینم

بڵێنە شۆخەکەم تاکەی لەدووری هەر بناڵێنم
چی‌بە جارێ وەکوو عارەب کەدەستم گاتە دامانی

لەنێو نابووری خەم وا هات لەتەعلیمانی مەشقی تۆ
چ ترسی قەیدو زنجیرە لەئەمنۆ دایە تەوقی تـــۆ
بەموژدەی وەسلی پابۆسیت حەیا واچوو لەشەوقی تۆ
هەتا ئێستێکە مەشهور بوو بە بەد نامی لەعەشقی تۆ
چ باکی لۆمەیی غـەیرە لەمەولا (صافی) هیرانی

## پێنج خشتەکی «صافی» لەسەر هۆنراوەی
## «عەونی»ی کۆیی

هوزاری خونچە زارێکم کە رووی نەو بەهارێتی
نزاری لالە زارێکم کە دڵ وا داخ ـداریتی
فیدایی لێوو زارێکم نقودی جان نیشاریتی
خوماری چاو خومارێکم هـەزاران وا خوماریتی
ئەسیری زولفی یارێکم هەموو عـالەم شکاریتی
بە تەوق و کۆتی کاکۆلی لەپای خستووم و ناساندم
وەکوو نێچیری صەیادان لەخوونی خۆمی گەوزاندم
گریشمەی گۆشەیی چاوی بوو ئیمرۆ ذهنی شێواندم
وەکوو لەیلا بەسەد نازو نەزاکەت عەقلی لێ ساندم
دڵم دائم وەکوو مەجنون لەعەشقا بێ قـەراریتی

لەهەر ڕەمزێکی سەد نازو نەزاکەت دایە ئەم شۆخە
لەهەر غەمزێکی سەد فیتنەو هیلاکەت دایە ئەم شۆخە
هەزاران تاجی شاهی والەژێری پایە ئەم شۆخە

لەئیقلیمی مەلاحەت چونکی بێ هەمتایە ئەم شۆخە
دەبینم چەند شەهەنشا وا موتیعی ڕەهگو زارێتی

ئومێدم نالە ژین وقتێ قیامی قامەتی لاوی
کەوەستاون لەبۆ قەتلم پیادەی پەرچەمی خاوی
چ چاردی تیرە بارانە لەپەنجەو دەستی خووێناوی

دەزانم دەمکوژێ چاوو تەنافی زولفی داو داوی
برۆی قەوس و موژەی پەیکانی عوشاقی هەزارێتی

مەتاعی جان لەڕێی عەشقی بەتالانو خەسارەت چوو
هەموو عومرم لەهیجرانی بەسەد عیجزو مەرارەت چوو
گەدایی دڵ بەمەزلوومی لەژێر تەختی نەزارەت چوو

بەغەمزەی چاوەکەی عەقڵو دڵو دینم بەغارەت چوو
خودا چی بوو کەوا ئیمڕۆ هەموو کەس انتظارێتی

دڵی بولبول لەبۆ خونچەی دەمی هەر ئاخو ئۆخێتی
کەزاغی خاڵەکەی دائم لەباخی سێوو خۆخێتی
لەڕوو گوڵ پەرچەمی سونبول دوو نێرگس والەڕۆخێتی

گوڵی ڕوخسارە خونچەی لێوە عەر عەر قەدی شۆخێتی
گەهێ بولبول گەهێ قومری گەهێ دڵ وا هوزارێتی

عەجایب نەو بەهارێکە کە گوڵشەن چەتری هەڵداوە
لەلایێ سونبول‌و نەسرین لەلایێ نێرگسی ساوە
بەناڵەی بولبولان (صافی) مەگەر چ بوەو چ قەوماوە ؟

شکۆفەی خونچەیی لێوی لەباخا وا دەمی داوە
وڕیا بۆی عەترە ( عەونی ) خەندەیێکی لێوو زارێتی

فیدات بێ ڕووحی شیرینم هەتا کەی دڵ پەرێشانی
بەلآیێ وات بەسەر هێنام چ کەس دەرمانی نازانی

زەمانێکە لە گۆشەی بێ کەسی ڕەنجووری تۆیە دڵ
حەبیبم کەعبە کەچ نابێ ئەگەر خۆت بێیە سەردانی

کەسێ لەم عەصرە نەیدیوە بەشەر وەك تۆ بەشیرینی
تەحەیور ما لەتەصویرت ئەگەر نەقاش ئەگەر مانی

لە منداڵیوە تەوقی بەندەگی تۆم هەر لەئەستۆیە
وەکوو قومری دەناڵێنم عەزیزان دڵبەرم کانی

وەرە سەر چاوەیی چاوم بنۆڕە سەیلی خووێنینم
قیاسی ناکرێ أصلا لەحەوزو جۆگەوو کانی

بڵێنە شۆخەکەم تاکەی لە دووری هەر بناڵێنم
وەکوو عارەب چی‌بە جارێ کەدەستم گاتە دامانی

هەتا ئێستاکە مەشهور بوو بە بەدناوی لەعەشقی تۆ
چ باکی لۆمەیی غەیرە لەمەولا (صافی) هیرانی

وەکوو کوشتەی قەساب ئەی دڵ چیە واغەرقی خوێناوی ؟
لە گۆشەی بێ کەسی دائیم لەغـــەمدا ماتو داماوی ؟

ئەگەر فەرمووی لەقەتلی عاشقان بێ باکە ئەم شۆخە
هەزاری کوژتووە وەك تۆ قەدی لاو لاوی و لاوی

لەتەعریفی بڵێم چی با قەڵەم دەرچی بڵێم هەرچی
تەواو نابێ بەچی ئەوسافی پێچی پەرچەمی خاوی

چ صەیادێکە سەد وەحشی لەچینی پەرچی پێچـاوە
نەجاتی تۆ نیە ئـەی دڵ لەداوی زولفی باداوی

ئەگەر فەرزاً عەدو بێتن ببینێ چاوەیی چـاوم
لەبۆ من خوێن دەبارێنی لەسەر دوو چاوەیی چاوی

دڵا دێوانەیی خۆتە کەیار بێ مـــەیلە ئێستێکە
دەنا ئەو هەر لەسەر ئەو عەهدە ماوە تۆ ئەگەر ماوی

مـــەڵێن ( صافی ) کە ئێستێکە لەیادی یار نیە یاران
لەدڵدا فیکری دڵدارەو هـەمیشە ذکری کا ناوی

## « ثـانی »

بەشێ لەهەڵبەستەکانی بەهەشتی (ثانی) کەناوی (کاك عبدالله) وەباوکی بووێژی خوا لێ خۆشبوو (صافی) هیرانی‌یە :ـ

دەخیل سـاقي ودرە وەعدەی وەفاتم
بدێ جامێ بە قـوربانی وەفـاتم

لەبەر جەوری رەقیبو دەردي دووري
هەمیشە چاوەڕێ‌ي مەرگە حەیاتم

هەزار دەفعە شەوو رۆژ گەر دەرم کەی
غـولامو بەندەیی تۆم خاکي پاتم

لە عەشقي چاوەکانی مـەستی لەیلێ
وەکوو مەجنوونی شەیدایی وولاتم

گوتم (ثانی) هەڵێ بۆ خۆت هەڕاکە
گوتی چارەم نەبوو هەرچەند هەلاتم

دڵیشم چوو گوڵیشم چوو کەیاری گوڵعوزارم چوو
نەما ژینم لە گەڵ خۆشـــی بەتاراجی نیگارم چوو

بەهارا فەسڵی گوڵ دایێ سەدای بولبول لەهەر لایێ
گرینم سەمتوور ئاسایێ کەخونچەی لالەزارم چـوو

ئەگەر ئیقلیمی هەفت کیشوەر هەموو گەنجو دوڕو گەوهەر
بەچیم نایێتە پێش مەنزەر کەدوری شاهـوارم چـــوو

چ پاشایێ چ دەروێشی غەمي عەشقت ئەگەر نۆشـی
هەمیشە مەستو مەدهۆشی کەدۆستی غەمگوسارم چوو

زەعیفو زەردي پاییزم لەزستان یار گوتی زیزم
لەتەن بیمارو دڵڕیزم کەهاوین هات بەهارم چوو

بەداغی دەردی هیجرانی لەزەبری تیری موژگانی
وەهای کردوومە بریانی بەتەن رووحی رەوانم چوو

گوتم (ثانی) ئەوا ئیمرۆ لەسەر چی وا پەریشانی
گوتی هات گاورستانی ئەسیریان کردو یارم چوو

ئەمان مردم عیلاجم کەن لەحەسرەت رووبی لەیلایێ
میسالی شێخی سەنعانی لە ئایینی مەسیحاییێ

ئەنای دڵ لەدەس رۆیی عەبەس چوو دین و ئیمانم
کە گۆڕا قیبلەکەم دڵ چوو لەکەعبە بۆ کلیسایێ

بە جامی عیشق سەرمەستم بەزوانی ماری دڵ گەزتم
بەدوو زیننارێ پا بەستم کەتوومە داوی تەرسایێ

ئیلاهی حورمەت و نازی تەریقی پیری گەیلانی
بەوەصڵی دڵبەرم شاد کەی لەدونیاو لەعوقبایێ

وەکوو مەجنونی مەجنونم میسال فەرهادی بێستوونم
دەڵێی وەرقایی دڵ خوونم بەتیری عەشقی گوڵشایێ

خەلیفانی وەفادارو مریدی موخلیس و خالیس
بەجاریێ بۆم دەخالەت کەن لەخزمەت شاهی بەغدایێ

گوتم ( ثانی ) تەمەننا کە لەدەرگەی ( قاضی الحاجات )
کەیارو یاوەرم بێ لوتفی شای یەسریب و بەتحاییێ

## « صفوەت »

بەشێ لەهەڵبەستەکانی زانای مەزن حاجی کاك مەلا عەلی کە ناوبانگی ( مەلا کاکە )و ناز ناویشی ( صفوەت )و کوڕی هەرە گەورەی صافی و پۆست نوشینی شوو ڕبنی باوکی یەتی .

عەبیدانەت مەنەم کەمتەر نوبی هەم سەیدو سەروەر
گەداوار هاتووم بەردەر مەدەد یا ساکن البغداد

توبی هەم پیرو هەم رابەر توبی هەمرازو هەم مەزەر
توبی هەم بازو هەم دڵبەر مەدەد یاسا کن البغداد

غەریقی بەحری عشقی تۆم لە تە علیماتی مەشقی تۆم
بە دائم من لە شەوقی تۆم مەدەد یاسا کن البغداد

فەقیری ئاستانەی تۆم لە دووری ئاشیانەی تۆم
بە ئومێدی نیشانەی تۆم مەدەد یاساکن البغداد

کەمن پەروانەبی تۆمە سەراپا سووختەیی تۆمە
حەریقی ناری رووی تۆمە مەدەد یاساکن البغداد

غولام و بەندەیی تۆمە هەموودەم چاوەڕێی تۆمە
نەزدرکە د فەیی بۆمە مەدەد یاساکن البغداد

غەریبو باوەفایەم من عەلیلو پڕ جەفایەم من

بە ئومێدی شفایەم من مەدەد یا ساکن البغداد

لەدووریت زامدارم من لەفیرقەت غەمگوسارم من

لە دەورەی گوڵ هوزارەم من مەدەد یا ساکن البغداد

سەری عەقڵم لەدەستم چوو کەماڵو هۆشو عیلمم چوو

ئومێدی وەصلی یارم چوو مەدەد یا ساکن البغداد

دڵو دینم بەغارەت چوو کەدونیاو قیامەت چوو

خودایە جان لەحەسرەت چوو مەدەد یا ساکن البغداد

زەلیلو عاشقم قوربان نەماوە دانشو عیرفان

نەزەرکە ئەی شەهی گەیلان مەدەد یا ساکن البغداد

دەخیل ئەی (صافی)ی هیران دەگەڵ جەمعیەتی پیران

بچین بۆ خزمەت ئەو سوڵتان مەدەد یا ساکن البغداد

تەنو جیسمم کە بیمارە روحو گیانم کە بێزارە

بەبێ تەسلیم نیە چارە مەدەد یا ساکن البغداد

کە (صفوەت) زۆر بە ئازارە لە دونیادا گوناهبارە

هەمیشە ئارەزووی یارە مەدەد یا ساکن البغداد

# پێنج خشتەکی صفوەت لەسەر هۆنراوەی صافی

دەخیلەك من ئەوا مردم وەکوو مەجنون لەڕیسوایی
لەفیرقەت لەیلەکەم واکەوتووم بێ جێو و مەئوایی
دەسا چ بکەم وەکوو ساحر دەکەم حیلەو مودارایی
خودا ڕەحمێ بەحاڵم یار ئەوا بردی بەدڵ مایی
لەسەر هۆش و لەتەن تاقەت و لەدڵ سەبرو شەکیبایی

ئەگەر زولفی بەدەستم وادەکەم لەملم وەکوو زیننار
میسالی شێخی سەنعانی لە عیشقی قامەتی دڵدار
مەڵێن بێ هۆش و بێ عەقڵە بەتەعنە ئەی گەلی ئەغیار
لە لایێ ئارەزووی وەصڵ و لەلایێ دڵشکستی یار
گوریس ناگا بەیەك لا چۆن ئەگا گەر بێ بەدوو لایی

هەموو شەو ناخەوم تا ڕۆژ بەئومێد وەصلی وا فەوتام
ئەما چبکەم کەجارێکی نەهات ساقی بە بادەو جام
سیایی تالیعە وا سەر نیگوونە عاشقی بەد نام
نەلەو جێگەی غەریبیم دێ تەسەللا نێ وەتەن ئارام
چ چارەی دیکە شك نابەم بەغەیری شێت و شەیدایی

کە چەند ساڵە لەبۆ تەحسیلی عیلم‌و شەرعەکەم ڕەفتار
خولاسە غەیری عوسیان‌و غەمم نەبووە نەتیجەی کار
کەوابێ من دەکەم تەوبەی نەسووحی خوا ئەتۆی غەفار

کەهەر چی‌بەکم بەسەر هات لەو وەفای دڵ بوو جەفایی یار
لەبەینی هەردوو لادا خوێنەکەم واچوو بە خۆڕایی

دڵی زارم لەدەرسی عیشق‌دا پیرەو جەوان نابێ
کەحەپسی حەلقەیی زوڵفی تووە بۆ من زیان نابێ
ئەگەر تەعریف‌و تەوصیفی لەبۆت کەم بۆم عەیان نابێ

ئەلا ئەی دۆستانم داستانی دڵ بەیان نابێ
مەگەر ڕۆژی جەزا بێتن لەخزمەت شاهی مەولایی

تامل کەن لەدەوری ئەو زەمانە ئەی ئەنیس‌و یار
کەئەلمۆدە بەسەربەستی دەسووڕێ کووچەو ئازار
کەوابێ هەرکەسێ عەقلی هەبێ بۆخۆی ببێ هوشیار

دەزانی بۆیێ گۆشەی بێ کەسیم گرتووە لەدووری یار
خەیاڵی ئەو ڕەفیقە بۆ دڵی ڕیسوا لەتەنهایی

موسوڵمانان رجامان بۆ بکەن یارمان ببێ وافی
کە( صفوة ) دڵ بەئازارە لەبۆ وی وەصلی ئەوصافی
ئەگەر وەسلی بێ‌و نەی بێ ئیمایی یەك نەزەر کافی

هەوایی لەیلەکەی بێ مەیلەیە دڵ وانەیە ( صافی )
سیاخانەی دەزووە شۆڕشی مەجنونی سەحرایی

حەبیبم چوو رووحیشم چوو کەسەروی جۆیبارم چوو
تەماشەوقم لەگەڵ شادی بەتاڵان چوو نیگارم چوو

بەهار بێ وەختی گوڵ دابێ نەوای بولبول لەهەر لا بێ
سووتانم قەفەس ئاسا بێ کەخونچەی نەوبەهارم چوو

ئەگەر هەفت ئیقلیمی دونیا پڕی دوڕ بێ وەکوو دەریا
بەچیم نایێتە پێش گۆیا کەیاری گوڵعوزارم چوو

نەخۆشی فەسڵی پاییزم لەهاوین یار گوتی زیزم
بەجان مەحزوونو دڵڕیزم کەخونچەی لالەزارم چوو

هەمیشە زارو مەفتوونم لەفیرقەت لەیلی مەجنوونم
لەدڵدا غەرقەیی خوونم کەدوری شاهوارم چوو

گوتی (صفوة) کەوا ئێستا سەبەب چی دڵ برینداره
گوتی هات تۆپو تەیاره بەئێخسیری کەیارم چوو

چی بڵێم و چی بەیان کەم کەس بەدەردی من نەزانی
سیرِی حاڵ بۆ کێ عەیان کەم کەس بەدەردی من نەزانی

من نزانم سیرِو حاڵان ئاه لەدەستی چاو غەزالان
ئەز دەناڵم ماه و ساڵان کەس بەدەردی من نەزانی

ماه و ساڵان من دەناڵم عاشقی نووری جەماڵم
دڵ بەزام و پرِ خەیاڵم کەس بەدەردی من نەزانی

دڵ بەزام و پرِ زەعیفم رەنگ زەردو وەك خەریفم
عاشقی بەژنی لەتیفم کەس بەدەردی من نەزانی

جەرگ و دڵ بووینە کەبابە یار لەسینەی دام قولابە
قەلب و جیسمم پرِ عەزابە کەس بەدەردی من نەزانی

لەو زەمانە زۆر زەلیلم دائما زەعیف و عەلیلم
انتظاری رووی خەلیلم کەس بەدەردی من نەزانی

یارو دۆستان ئەز جودامە عاشقی نووری خودامە
دڵبەرا وەسڵم مەرامە کەس بەدەردی من نەزانی

عاشقی بەدری مونیرم چارە ئۆرِی لوتفی پیرم
(صفوەتا) من وەك سەفیرم کەس بەدەردی من نەزانی

## « سۆزی »

بەشێ هەڵبەستەکانی کاك عبدالقادر غەوثە کە ناز ناوی ( سۆزی )

کوڕی پێنجەمینی بەهەشتی ( صافی )یە .

( شیوەن بۆ خوا لێ خۆش بووی صافی باوکی )

( بەرواری کۆچی دووایی )

وەرن یاران لەفیرقەت پیری ڕەندان

جیهان پڕ کەین لە شین و زارو گریان

زەمان شێوا زەمین هاژا کە ئەو چوو

بەڵێ کەو چوو لەعالەم قەدری کەو چوو

لە کەو بازی مراد بازی خـودا بوو

بە بازی عزی دونیـای لا هەبا بوو

لە بازی بوو لەگـەڵ عالەم بە بازی

بە جوز بازی نەبوو ئەصلا نیـازی

هـەتا مابوو لە دونیـا بەهـرەوەر بوو

کەلامی شەکەرو لەفظی گوهـەر بوو

خـودا حافیظی بی روێی لە دونیـا

لەنێو جەنەت مەقـامی بێ لە عوقبـا

لەسایەی وی خـــودا ئێمەش بە رەحمەت
بکەی عەفون لەبۆ ڕۆژی قیـامــەت
شەوی چوار شەم لە ( كـ و ھ ) ی محرم (١)
وەفاتی کرد لە بـــەرواری ( شکاغم ) (٢)

---

خودا چبکەم چی بە چارەم بکەی چاری بە بێ چاریم
لە چـاری بێ مەفەر ماوم نیە یاری بـــدا یاریم
ئەسیری نەو نیهالو روو بەخالو تازە یاریکم
گوڵەندام و نەمامی سەروی باغی جەننەتی باریم
خەدەنگی چاوەکەی مەستی لەسینەی دام بەسەربەستی
خودا ئازاد بکە دەستی لەخووێنو ئێشو ئازاریـم
غەمی دونیاوو دەردی دل بەجاری جەرگی کردم کول
دەناڵێنم وەکوو بولبول لەدووری یاری گوڵناریـــم
ئیلاهی حورمەتو نازت بەئەحمەد مەحرەمی رازت
بە غوث الاولیاي بازت بـــدەی یاری لە ڕزگاریم
لەشەوقی ڕۆژی رووي ( سۆزی ) پەرێشان حالو ئاڵۆزی
لەترسی تیری دڵدۆزی خودا بەس بێ غـــەمو تاریم

---

(١) ٢٥ (٢) ١٣٦١

بەتیری چاوەکەی مەستی دلاڕامێ برینداڕم .
لەچینی پەرچەمو زولفی گوڵەندامێ گرفتارم

لەهیجرانی گوڵم وەك بولبولم لەت بوو دڵم یاران
حەیاتم زیللەتە چارەم نیە لەم ژینە بێزارم

موریدی مورشیدی عەشقو موتیعی پیری مەیخانە
نوشینی مەیکدەو مەستی زولالی غەبغەبی یارم

وەرە ساتێ لەگەڵ من ئەی فەلەك توخوا موداراکە
زەلیلو زارو خەستەی تیری غەمزەی شۆخی عەییارم

لەوەختی نەزعو رووح کێشان رەفیقان وەرنە بالینم
دوعاکەن تا بەئیمان زوو نەجاتم بێ لە ئازارم

لە ( سۆزی ) شێتەو شەیدا دەپرسن گەر بەچی فەوتا
زەمانەی بێ وەفاو بەختی بەدو یاری جەفاکارم

# « ووریا »

بەشی هەڵبەستی کاك عبدالکریمی کوڕی حەوتەمینی صافی کەنازناویشی ( ووریا )یەو لەبەندیخانەدا داینا وە :ـ

ئەی فەلەك تاکەی وەکوو یوسف لەبەندیخانە بم
یا لە کێوو چۆڵو سەحرا هەروەتوو دێوانە بم
تابەکەی وەك بولبولی بێچارە پڕشەم ناڵە بێ
تابەکەی دائم لەدەورەی لالە وەك پەروانە بم
وا لەدەردی دووری یارم دڵ دەسووتێ وەك فەنەر
رەحمەکم پێکەن هەتاکەی هەر لەئەم سووتانە بم
بازی گەیلانی دەخالەت تۆ رجا کار بی لەبۆم
رۆژێ سەد جاران بەقوربانی سەگی دەرگانە بم
شەرتە گەر بێتو دەریشم کەی نەڕۆم لەم دەرگەیە
تاکوو مردن خادمی خاکی دەری ئاستانە بم
چۆن ئەبی ترسم هەبی قوزبان لەڕۆژی مەحشەرا
خۆم بەهیرانی بزانم نەسلی ئەم شێرانە بم
رۆژو شەو ( ووریام )ە هیچ کاتێ لەبەر گریانو زار
قەت نەبوو ئۆخەی بکەم تاکەی لەئەم گریانە بم؟

# پێرستی دیوانی صافی


| | لاپەڕە |
|---|---|
| ئەگەر چی دڵ بەزولفی عارضت سووت | ٢٠ |
| ئەمان لۆمەم مەکەن یاران منی کوژت هیجری لەیلایێ | ٧١ |
| ئەوا غەزوی غەمی بۆ غارەتی دڵ کردە یەلغارە | ٤٧ |
| ئەو پەرچەمو ئەگریجە هەمووی دوژمنی دینە | ٤٥ |
| ئەی بایی سەبا هەستە لەعالەم ببە هوشیار | ٢٢ |
| ئەی پرتەوی رەنگت بەمثل عەینی چرایە | ٤٨ |
| ئەی موتریبی حەریفان دەسکە بە نەغمە خوانی | ٧٠ |
| ئەی نیگارا بەسیە با دەرگەی وەفا بکرێتەوە | ١٣ |
| بازی دووری وا بەتیری غەم دڵی کردم نەزار | ٢١ |
| بە ئەبرۆت کوژاوم دڵم پڕ زوخاوە | ٥٠ |
| بەسەرهاتی کاک مستەفای ( صافی ) هیرانی | ٣ |
| بەقامەت خەرامان بەڕوو ماهی تابان | ٣١ |
| پەرێشانیم لەحەد دەرچوو رەفیقان جار هەر ئەو جارە | ٥٢ |
| پێشـــەکی | ١ |
| تۆ دەزانی بۆچی یادی دڵبەری رەعنا دەکەم | ٢٤ |
| جانا بەسە بێ مەیلی دەمێ روویی وەفات بێ | ٧٢ |

لاپەڕە


| | |
|---|---|
| جانا لەغەمت والەو حەیرانە دڵی من | ٣٦ |
| جانا لەفیراقی تۆ پەشێواوە دڵی من | ٣٢ |
| جەمعی عوشاقان مەکەن لۆمەم کەوەختی زاری یە | ٥٢ |
| جۆیباری چاوەکانم رووی زەمینی گرتووە | ٤٦ |
| چاوەکەم چاوم بەدائم انتظاری تۆ دەکا | ١٩ |
| حەبیبا دڵ گەلێ بێمارە بێ تۆ | ٤٣ |
| حەبیبا خۆت دەزانی بۆ لەعالەم بێ موبالاتم | ٢٩ |
| حەقیتم گەر فەلەك یاران بە ئاهی دڵ بسووتێنم | ٢٨ |
| خودا رەحمێ بەحاڵم یار ئەوا بردی بەدڵمایی | ٦٩ |
| خونچەیی نەو بەهاری گوڵ دەرچوو لەدەستی باخەوان | ٤٢ |
| دەردی دووریم چەژتووە ژەهری فیراقم نۆشی یە | ٥٤ |
| دڵبەرا دڵ بێ قەرارە چاوەکانم گریە بارە | ٥٥ |
| دڵبەری ناز پەروەری روو ئەنوەری مەهپارەکەم | ٢٦ |
| دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا | ١٨ |
| دڵ لەبۆ مەحبوبە دیسان گریەوو زاری دەکا | ١٥ |
| دڵم پەژموردەیە ئێستێ دەخیل موتریب سەدایێ بێ | ٧٣ |
| دڵی بولبول لەدەوری باخی گوڵ یاری نەکا چبکا | ١٦ |

| | لاپەڕە |
|---|---|
| دووبارە چەرخی کەچ رەفتار بەکینەی من هەڵستاوە | ٥٦ |
| سەبەب چیبە ئەی دڵی دێوانە دووبارە پەشێواوی | ٧٤ |
| سیحری دڵی ماڕووتە کەشەیدایی عوزارە | ٤٩ |
| شادیی قەلبی حەزینم نووری چاوانم ئەتۆی | ٧٦ |
| شێفتەی نووری جەمالم ماهی تابانم وەرە | ٥٧ |
| عارزی یارم گۆی حوسنی لە گوڵشەن بردەوە | ٥٨ |
| عەزیزێکم هەیە ئیسمو بەجیسما یوسفی ثانی | ٧٧ |
| غونچەیی نەو بەهاری گوڵ دەرچوو لەدەستی باخەوان | ٤٢ |
| فیدات بێ رووحی شیرینم هەتاکەی دڵ پەرێشانی | ٨٣ |
| قەدی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی تووە | ٥٩ |
| کەرۆژی وەصلی ئاوا بوو بەچاو گریان ئەکەم چبکەم | ٢٣ |
| کەزوانی عارزی داگرت و رۆژی رووونی کردئاوە | ٦٠ |
| گوڵناری روخت رەشکی بە گوڵزاری ئیرەم دا | ٢٠ |
| لەبەر مەیلی مەیی عیشقی تووە یاری وەفا دارم | ٢٧ |
| لەتاوی ئاوری دووری هەمیشە سینە بوریانە | ٦١ |
| لەتاوی چاوەکەی مەستت دوو چاوم پڕ لەخووێناوە | ٦٢ |
| لەتاوی دەردی دووری تابەکەی بێ شیوەن و ئاهم | ٣٠ |

لاپەڕە


| | |
|---|---|
| لەم ڕۆژە لەعەشقی یار سەودایی سەرێکم بوو | ٤٤ |
| لۆمەم مەکەن ئەی یاران ئەم عەشقە بەڵایێکە | ٦٣ |
| موددێکە لەهیجرانی تو شێواوە دڵی من | ٣٤ |
| من کەوا مەحرومی یارم پادشاهیم بۆچی بە | ٦٦ |
| من و دڵ ئەمڕۆ ئەم شۆخە لەخۆشی بەك بەدەی کردین | ٣٨ |
| نیگارا ڕووی ڕەحمێ گەر لەسەر ئەو عەهدو پەیمانی | ٧٨ |
| وەرنە تەماشا دۆستو ئەحبان | ٤٠ |
| وەکوو کوشتەی قەساب ئەی دڵ چیە وا غەرقی خوێناوی | ٨٤ |
| ووردە خاڵی ئێستە کەش نازێ لەسەر پەروین دەکا | ١٣ |
| هوزاری خونچەزارێکم کەرووی نەو بەهارێتی | ٨٠ |
| یاران کوژراوی نازم صەبرم لەدڵ نەماوە | ٦٧ |
| یار لەبەر نازی جووانی مامزە سارم دەکا | ١٤ |
| یاری خۆم لێ زیزە بۆیە حەز لەمەرگی ئەو دەکەم | ٢٥ |

## پیرستی هەڵبەستەکانی

کاك ( حەوڵای ئانی ) باوکی خاوەندی دیوانو هی کاك ( صفوەت )و کاك ( سۆزی )و کاك ( ووریا )ی کورە زاناو دڵسۆزەکانی صافی هیرانی .


| یادگارەکانی ( ئانی ) | لاپەڕە |
|---|---|
| دەخیل ساقی وەرە ودعدەی وەفاتم | ٨٥ |
| دڵیشم چوو گوڵیشم چوو کەیاری گولعوزارم چوو | ٨٦ |
| ئەمان مردم عیلاجم کەن لەحەسرەت رووبی لەیلایێ | ٨٧ |

یادگارەکانی ( صفوەت )

| | |
|---|---|
| عەبیدانەت مەنەم کەمتەر تویی هەم سەییدو سەروەر | ٨٨ |
| دەخیلەك من ئەوا مردم وەکوو مەجنون لەڕیسوایی | ٩٠ |
| حەبیبم چوو روحیشم چوو کەسەروی جۆیبارم چوو | ٩٢ |
| چی بڵێمو چی بەیان کەم کەس بەدەردی من نەزانێ | ٩٣ |

یادگارەکانی ( سۆزی )

| | |
|---|---|
| وەرن یاران لەفیرقەت پیری رەندان | ٩٤ |
| خودا چبکەم چییە چارەم بکەی چارێ بەبێ چاریم | ٩٥ |
| بەتیری چاوەکەی مەستی دلارامێ برینذارم | ٩٦ |

یادگاری ( ووریا )

| | |
|---|---|
| ئەی فەلەك تاکەی وەکوو یوسف لەبەندیخانە بم | ٩٧ |

فاضل ابراهیم نوری

١٠٠٠ دانه ـ ١٤ / ٣ / ١٩٧٣ چاپخانەی کوردستان ـ هەولیر

رقم الایداع فی المکتبة الوطنیة ببغداد (٧٦) لسنة ١٩٧١

چاپەمەنیەکاني چاپخانەی کوردستان بەتایبەتي ئەوانەي کەماون :

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| دیوانی حاجی قادری کۆیی | ٢٥٠ | |
| مەم و زین | ٣٠٠ | |
| مەولود نامەی کوردی | ١٠٠ | |
| ئەلف و بێی لاتینی کوردی | ٣٥٠ | |
| ناوی کچ و کورانی کوردی | ١٠٠ | |
| گیو نامە | ٦٠ | |
| کۆلکە زێرینە | ٦٠٠ | |
| فەرهەنگی مەهاباد ( کوردی و ئارەوی ) | ٢٥٠ | ١ ر |
| دیوانی ئەدیب | ٧٠ | |
| باوەری ئایین | ٥٠ | |
| لەیلەو مەجنون | ١٠٠ | |
| دیوانی دلدار | ١٠٠ | |
| دیوانی سالم | ٢٥٠ | |
| مێژووی میرانی سۆران | ١٥٠ | |
| دێرێکی پێشکوتن | ٩٠ | |
| دیوانی وەفایی | ١٧٥ | |
| تعلم اللغة الكردية | ١٧٥ | |
| دیوانی شیخ ئەحمەدي جەزیري | ٢٥٠ | |
| خەون نامە | | |
| دیوانی صافی | | |

دیوان صافی
۴۴۰۰۶۰.
نگین غرب موکریان
.۶۰